# UNITED KURDISTAN

# یەکبوون

## کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

MAY 2011 | یەکبوون ١٤ | جوزەردانی ٢٧١١




لەم ژمارەیە دا :


* بریاری مافی چارەی خۆنووسین... مافی ڕەوای هەر گەلێکە...بۆ لاپەرەی ٢
* ئیمپراتۆرییە کوردییەکان لە مێژوو دا ...بۆلاپەرەی ٤
* ژیانی جوولەکە کوردەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان.. بۆ لاپەرەی ٦
* چاوخشاندنێک بەسەر خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری لە ... بۆ لاپەرەی ٨
* مێژووی ئێستاو داهاتووی زمانی کوردی ... بۆ لاپەرەی ١٠
* چیرۆک بۆ منداڵان ... بۆ لاپەرەی ١٣
* تەندروستی ... بۆ لاپەرەی ١٤
* وتەی زانایان ... بۆ لاپەرەی ١٥
* پەندی پیشینیان ... بۆ لاپەرەی ١٦
* رۆژ ژمێری مێژووی کوردستان مانگی بانەمەر... بۆ لاپەرەی ١٧

# بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین.. مافی ڕەوای هەر گەلێکە

ڕەزا شوان /نەرویج

دوور لە دەمارگیری و لایەنگیری ،بەڵگە و پاشماوە دێرینەکان و گەلێ گەواهی مێژوویی تر ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن . ئەگەرچی ناحەزانی کورد هەوڵێکی زۆر زۆریان داوە کە ڕاستییەکان بشێوێنن و چەواشەیان بکەن



ـ گەلی کورد ئەگەر کۆنترین گەلی جیهان نەبێ ،بێگومان کۆنترین گەلە لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا. یەکەمین دێی نیشتەجێبوون و یەکەمین شارستانییەت کورد بنیاتی نا ،کوردستان یەکەمین لانکی ڕەسەنترین شارستانییە ،تا کورد خاوەنی ئیمپراتۆرییەت و دەوڵەت و دەسەڵات و لەشکر بوو..ئەم گەلانەی کە ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەژین و خۆیان بەسەر کورد دا ڕادەدەن ،لە کولەکەی تەڕیشدا ناو و بوونیان نەبوو..لە چاو گەلی کوردەوە تازەن ..زۆربوونی عەرەب لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام ،ئەوەبوو عەرەب لە نیوچە دوورگەی عەرەبییەوە بە ناوی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام و جیهادکردنەوە بە زۆریش بە ژن و منداڵەوە بەرەو باکوور هەڵکشان و لە خوارووی عێراقدا نیشتەجێ بوون. دوارتر ئایینی ئیسلام و بڕوا و دڵپاکی گەلانی ناوچەکەیان قۆستەوە و کەوتنە کوشتن و ویرانکردن و داگیکردن و تاڵانکردن لە ژێر پەردەی«غنائم الحرب»دا گەلی کوردمان و کوردستانی شیرینمان ،لەو کوشتن و وێرانکاری ولەو تاڵانییە پشکی شێرمان بەرکەوت .مێژووی تورکیش لەم شوێنەی ئێستایاندا دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی هەشت سەد ساڵی ڕابردوو دەگەڕێنەوە،کە هەل و مەرجی نا ئاسایی و بۆشایی و لاوازی دەسەڵاتیان لە ناوچەی میزەپۆتانیادا قۆستەوە ،لە شوێنی خۆیانەوە ئاسیای بچووک ،وەکو داگیرکەر هاتن و دەستیان بەسەر کوردستان و بەشێک لە خاکی یۆناندا گرت و لێی نیشتەجێ بوون .بەشی هەرە زۆری ئێرانی ئەمڕۆش خاکی کوردستانە،بە درێژایی مێژوو کورد فەرمانڕەوای ناوچەکە بووە تەنانەت ئیمپراتۆریەتی ساسانیش لە فارس و کورد پێکهاتبوو..بەڵام دواتر کورد بەخت یاوەری نەبوو ،گوڵۆڵەی کەوتە لێژی ،ڕوو بە ڕووی چەند دەوڵەتێکی داگیکەری زلهێز بووەوە .لە شەڕی« چاڵدێران١٥١٤ز»ی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەت سەفەویدا، بە دابەشکردنی کوردستان بۆ دوو بەش کۆتایی هات..لە دوای شەڕی جیهانی یەکەمیشەوە کرایە چوار بەشەوە و بە زۆر خرانە سەر ( تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا ) ،کە تا ئەمڕۆ نیوەی ڕووبەری باشووری کوردستان لە داگیرکەران ڕزگاری بووە..ئەم وڵاتە ناسیۆنالیزمانە بە هەموو شێوەیەک،هەوڵی قڕکردن و سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کوردمانیان دا ئەوەی ناشێ و بەدرێژایی مێژوو نەکراە و ناکرێ بە کوردیان کرد ،تا ئەمڕۆش دەستیان لەم سیاسەتە شۆڤێنییە هەڵنەگرتووە ،عەقلییەتی عالەم گۆڕا ،بەڵام ئەوان هەر بەو دواکەوتوویی و بۆگەنییە ماونەتەوە..لە ئەمڕۆدا ناتوانرێت بە زەبری هێزو کەڵەگایی چۆک بە بڕوا و ئیرادەی گەلانی ئازادی و ڕزگاریخواز دادرێ، یا هەست و سۆزی گەل و نیشتمانپەروەری لە دڵی گەلانی تێکۆشەر دەربکرێت.

ئێمەی کورد ،گەلێکی سەربەخۆین ،نە عەرەبین و نە تورک و نە فارس .خاوەنی زمان و نیشتمان و مێژوو و فەرهەنگ و داب و نەریت و سیما و هەڵسوکەوت و تایبەتمەندیی خۆمانن کە جیاوازی لەگەڵ تایبەتمەندیی ئەو نەتەوانەدا هەیە . بە هیچ کلۆجێک لەوان کەمتر نینین و خۆمانیش بە کەمتر نازانین.کوردستانیش کوردە و بەشێک نییە لە خاکی عەرەب و تورک و فارس .کوردستان ڕاستییەکی دیرۆکی و جوگرافیایی و فەرهەنگی یە..ئێمەش وەکو ئەوان شایستەی هەموو ئەو مافانەین کە ئەوان هەیانە ،دەمانەوێ دەست لە خاکی داگیرکراومان هەڵگرن ئێمەش وەکو ئەوان لەسەر خاکی باب و باپیرانمان دەوڵەتی خۆمان دامەزرێنین. بۆ بۆ ئەوان ئەم مافە ڕەوایە ،بەڵام بۆ ئێمەی کورد نارەوا بێت ،یان وەکو کورد دەڵێ: " بانێکە و دوو هەوا " یا" لە ئێوە عادەتە و لە ئێمە عیبرەتە ؟ " . ئەی عەرەب ئێوە خاوەنی بیست و دوو دەوڵەتن نین ؟ ژمارەی هەر یەکە لە قەتەر و بەحرێن و عومان و کوێت،لە نێوان«١٥٠ـ ٢٥٠»هەزار کەسە،بوونەتە دەوڵەت و ئاڵای تایبەتی و دەسەڵات هەر یەکەشیان سنووری دیاریکراوی خۆیان هەیە و بوونەتە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا..کەچی ژمارەی کورد نزیکەی پەنجا ملیۆنە..بۆ ڕەوا نییە ببێت بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ؟ئەمەش مافێکی ڕەوامانە و هیوا و خواستی هەموو کوردێکە..بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین، لە بەندی (٢)ی ( ماددەی یەکەم )ی ( بەشی یەکەم ) لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووکاندا هاتووە و ،دووبارەش لە ماددەی(٥٥)ی هەمان بەڵگەنامەکەدا بە بیرهێنراوەتەوە ،کە مافی چارەی خۆنووسین ،مافێکی ڕەوای هەر گەلێکە. کەچی داگیرکەرانی کوردستان دان بەم ڕاستی و مافەدا نانێن و ئەوەش بە بیری خۆیان ناهێننەوە کە ئەوانیش ژێردەستە بوونە ..کوردستانی ئێمەش بە زۆر لکێنراوە بە تورکیا و ئێران و عێراق و سوریاوە ،عەرەب لە عێراقدا باش ئەوە دەزانن کە باشووری کوردستان ،بە خواستی کورد نەخراوەتە سەر دەوڵەتی عێراق .لەو ڕاپرسییەی کە دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٢٥) دا، لە کەرکوک و سلێمانی کردی ،ئەم دوو شارە مەزنەی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا ،خەڵکی هەولێر و موسڵیش بە مەرجێ دەنگیان بۆ عێراق دا ،کە باشووری کوردستان حکومەتێکی خۆیی هەبێ ..بەڵام بەداخەوە نەک هەر هیچ مافێکی کوردیان نەدا ،بەڵکو لە دروستبوونی حکومەتی عێراقەوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت ،دەستیان لە چەوسانەوەی کورد هەڵنەگرتووە..جا چی ماوە کە بە کوردیان نەکردووبێ ،برینێکی ئەوتۆیان لە دڵ و جەستەی کورد کردووە کە هەرگیز سارێژنابێت و مەحاڵە سوێ و ئازاری لە دڵماندا دەربچێت.. بە تایبەتیش بەعسییە ڕەگەزپەرستە خوێنرێژەکان ،کە تەنها تنۆکێک ئابڕوو و ڕەوشت و وێژدان و هەستی مرۆڤایەتییان لانییە کوردقڕان ،بە کارهێنانی چەکی کیمیاوی و میکرۆبی ،کاولکردن و سوتاندن و تەختکردنی نزیکەی پێنج هەزار گوند ،فەسادی،تاڵان و دزینی سەروەتی کوردستان،ئەنفال،لە سێدارەدانی بە هەزاران کوردی بێتاوان ،بێ سەر و شوێنکردنی بە هەزاران لاومان، گۆڕی بە کۆمەڵ ، بە عەرەبکردن ، ڕاگۆاستنەوە ، قەدەغەکردنی زمان و خوێندن بە کوردی ،داگیرکردنی زەوی و زاری کورد ،هەوڵدان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتوایەتیمان و...هتد.گەر ئەمە فەرهەنگ و ئایدۆلۆجی عەرەب بێت ،ئەمە بێت پراکتیکردنی ڕسالەکەیان « ذات رسالە خالدە «ی ،جا کورد چۆن بتوانێت تا سەر لەگەڵ ئەمانەدا هەڵبکات ؟خۆ ئایدۆلۆجیەتی تۆرانییەکان و ئاخووندەکانیش لەمان شۆڤێنیتر و بۆگەنترە..بە کورتی کوردبوون لای ئەمانە تاوان و ناپاکییە. تا ئەمڕۆش ئەم دەوڵتە شۆڤێنییە داگیرکەرانەی کوردستان ،کە پەلاماری کورد دەدەن دروشمیان ئەمەیە » سەری کورد بۆ ئێمە و ماڵیش بۆ ئێوە».تا ئەمڕۆش کۆبوونەوە چوارقۆڵییەکانیان لە دژی کورد ڕانەگرتووە ،بە ئاشکرا و بە نهێنی خەریکی پیلانگێڕان و بۆسە نانەوەن لە دژی خواستە ڕەواکانی گەلی کوردمان هەوڵی کێشە و تەگەرە دروستکردن لە ڕێی گەشەکردن و پێشکەوتنی ئەزموونی حوکمڕانی لە باشووری کوردستاندا دەدەن ..دەبێت ئەو پەندە کوردییەمان لە یاد نەکەین کە دەڵێ : «نە بە خۆشی زستان و نە بە پێکەنینی دوژمن بڕوا مەکەن» تا ئەمڕۆش هەریەکە لەم چوار وڵاتە ،کوردایەتی و کوردستانپەروەری ،لە یاساکانیاندا قەدەغەیە و،بە گەورەترین تاوان و ناپاکی « الخیانە العظمی » لە قەڵەم دەدرێ،کە لێبووردنی نییە، سزاکەشی لە سێدارەدان وگوللە بارانە ..تا ئێستا بە هەزاران کوردیان بەم یاسایە تاوانبار کرد و لە سێدارە دراون.کەچی لە نێوان دروشمەکانی هەریەکە لەم چوار وڵاتە ،بە ناوە »الحریە» و«حریە الرای»ی هەیە،بەڵام بە تەواوی بە پێچەوانەی ئەو دروشمە بریسکەدارە درۆیانەوەن ئەوەی کە بوونی نییە لەم وڵاتانەدا ئازادی و مافی مرۆڤە ..ڕاستی و ماف و ڕەوا ،بە دوو

پێوەری جیاواز دەپێون،ئەوەی بە گەل و وڵاتەکەی خۆیانی ڕەوا دەبینن ،بە کورد و کوردستانی ڕەوا نابینن ،لە فەرهەنگی ئەماندا یەکسانی و دادپەروەری بوونیان نییە،هیتلەر بوغرایی ،شوێنی ئەمان لەبن خورەوەیە و خۆیان بە زیاتر و لە سەرووی هەموو نەتەوەکانی تـرەوە دادەنێن .. ئەگەر بوایە کوردستان لە لایەن ئەمریکا یا بەریتانیا یا فەرەنساوە داگیربکرایە ،دەمێک بوو ڕزگارمان ببوو..تا ئەمڕۆش تورک وفارس و عەرەب ،بزووتنەوی ڕزگاریخوازی کورد، بە بزوتنەوەیەکی جیابوونەوەخواز ناودەبن.کورد و کوردستانپەروەر و تێکۆشەر و شۆڕشگێرانی گەلەکەشمان کە بەرگری لە نیشتمان و سەروەری و ئازادی و ژیان دەکەن ،بە ناپاک و تیرۆریزم ناودەبەن .بەڵام ئەگەر ویژدانی زیندوو و ڕەواناس و مرۆڤایەتی هەبێت،نەترسن ، دەزانن و دەڵێن کە تیرۆریزمی ڕاستی کێیە ؟ زانای سۆسیۆلۆژی و نووسەری چاونەترس و کوردۆستی بەناوبانگی تورکی«ئیسماعیل بێشکچی»لە بارەی کێشەی کوردەوە لە باکووری کوردستان دەڵێ: « داگیرکەران دەڵێن « جوداخوازەکان ». «ناپاکی نیشتمان» ئای چەند تێگەیشتنێکی هەڵەیە. سەپاندنی وشە یا وەسفی جوداخوازی بە سەرکوردەکان، هەڵەیەکی گەورەیە ،چونکە کوردەکان نیشتمانی تورکەکان « تورکیا » پارچە پارچە ناکەن ..بەڵکو بەرگری و پارێزگاری لە نیشتمانی خۆیان دەکەن. ئەوان داوای ڕزگارکردنی خاکەکەیان دەکەن کە لەت لەت کراوە و بۆتە کۆلۆنی نێو دەوڵەتان .لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە جوداخوازە سەرەکییەکان ئیمپریالیزمی فەرەنسی و ئینگلیزی و کەمالیستەکان و میرنشینە عەرەب و فارسەکان بوون .ئەوان جوداخوازی ڕاستەقینەن ،یارمەتی یەکتریان دا و کوردستانیان دابەشکرد .» دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ هیچ مەترسییەک بو عەرەب و تورک و فارس دروست ناکات،بە پێچەوانەوە دەبێتە دراوسێیەکی باش وهۆێ ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ،ئەگینا تا ئەوان دژایەی کورد بکەن ،خۆشیان ناتوانن بە ئاسوودەیی بژین ..دەبێ تورک و عەرەب و فارس ئەوە بزانن کە کورد دەست لە مافی چارەنووسین هەڵناگرێ .بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزەش درێژە بە تێکۆشان و بەرگری و قربانی دەدات.ئەمڕۆش کێشەی کورد بۆتە کێشەیەکی سیاسی ،کێشەی گەلێکی ماف و نیشتمان داگیرکراو ،کێشەی کوردستانی دابەشکراو و بەزۆر لکێنراو بە چوار دەوڵەتی ڕەگەزپەرستەوە، لە کیشەیەکی ناوخۆیی و ناوچەییەوە بووە بە کێشەیەکی ئینتەرناسیۆنالی،بەهۆی دیبلۆماسیەتی کوردی و ناساندنی کێشەی ڕەوای گەلەکەمان بە گەلان.. دۆست و پاڵپشت و لایەنگیرمان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە و زیاتر لەو تاوان و ستەمە و ناهەقیانە دەگەن ،کە داگیرکەرانی کوردستان لێیان کردووین و لێمان دەکەن..




با تورکیا و ئیران و عێراق و سوریا ،پەند لە یەکێتی سۆڤیەت وەربگرن کە دوای نزیکەی حەفتا ساڵ ئەو دەوڵەتە زەبەلاحە کە پانزە دەڵەتی لە خۆی گرتبوو چۆن هەڵوەشایەوە و،هەریەکەیان بوو بە دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی سەربەخۆ. ئەی«چیک»و «سلۆڤاکیا»کە بە ئاسانی و بەبێ ئەوەی خوێن لە لووتی کەسێکیان بێت لێک جیابوونەوە..جیابوونەوەی «نەرویج» لە »سوید» لەساڵی «١٩٠٥» دا بەبێ قرەوبرە،کە ئێستا دوو دەوڵەتی دراوسێن و سوێن بەسەری یەکتری دەخۆن جێابوونەوەی فنلەندا لە ڕوسیا لە ساڵی «١٩١٧» دا..هەروەها جیابوونەوەی سکۆتلەندە لە لە بەریتانیا .. جیابوونەوی بەنگلادیش لە پاکستان لە ساڵی «١٩٧٠»دا..جیابوونەوەی تەیموری ڕۆژهەلات لە ئەندەنۆسیا .. جیابوونەوەی کیبیک لە کەنەدا..جیابوونەوەی کۆسۆڤۆ لە سربیا لە »٢٠٠٨»دا..وا خەریکە خواررووی سوودانیش لە ڕاپرسییەکدا بڕیاری مافی چارەی خۆنووسین دەداو لە سودان جیا دەبێتەوە..بزووتنەوەی شیشان و دارفۆر وتامیل و باسک ،ئەمانە هەموو لە پێناوی ئازادی و سەربە خۆییدا قوربانی دەدەن، هەرگەلێکیش لە پێناوی وەرگرتنی مافەکانی خۆیدا درێغی نەکات لە تێکۆشان و بەرخودانی ، زووبێ یا درەنگ مافەکانی و سەربەخۆیی خۆی وەردەگرێت..ئێمەی کوردیش تا سەربەخۆیی وەرنەگرین ،نابینە خاوەنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆمان.. هەموو ئەو شۆڕشانەی کە گەلەکەمان بەرپایان کردووە ،درووشمیان ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بووە ..دروشمی «شۆڕشی ئەیلوول»یش کە درێژترین شۆڕش و فراوانترین شۆڕشە لە مێژووی هاوچەرخی گەلەکەمەندا ،دروشمی «کوردستان یا نەمان »بوو..بێگومان ئەو دەسکەوتانەی کە ئەمڕۆ بە دەستمان هێناون خێیریان پێ نەکردووین ،بەڵکو بە دەریایەکی خوێن وەرمان گرتووە، بێگومان لە ئاستی ئەو هەموو قربانییەدا نین کە داومانە ..بۆیە پێویستە سووربین لە سەر ئەو مافانەی کە وەرمان نەگرتوون..ئەگەر وازنەهێنین وەریان دەگرین.


لە وتەکەی سەرۆکی کوردستان کاک مەسعوود بارزانی ،کە لە ڕۆژی شەممەی «١٢/١١ /٢٠١٠» لە کۆنگرەی سیانزەمینی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر خوێندییەوە ،ئەوەی وت کە مافی چارەی خۆنووسین دەخریتە پەیرە و پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ،من ئەمە بە هەنگاوێکی بوێرانەی پێویست و پیرۆزی دەزانم ،کورد وتەنی:«ئەوەی بترسێ ناخەلەسێ»..ئەمە خواست و هیوای هەموو کوردێکە ،ئەگەر ڕاپرسی لە کوردستاندا بکرێت.. لەو باوەڕەدام کە لە سەدا سەد کورد دەنگ بۆ مافی چارەی خۆنووسین دەدات. ڕەنگە هەندێکمان بڵێن ،کاتەکە وهەل و مەرجەکە گونجاو نییە..لە بارەی هەل و مەرجەوە ،جۆرج برنادشۆ دەڵێ: «خەڵکی هەمیشە گوناە دەخەنە گەردنی هەل و مەرجەکان،من باوەڕم بە هەل و مەرج نییە،مرۆڤی سەرکەوتوو بە دوای هەل و مەرجدا دەگەڕێ ،ئەگەر نەیدۆزییەوە ،دروستی دەکات » سیلۆنە دەڵێت:«ئەگەر ئەوهەلە ڕەخساوەی کە بۆت لواوە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانت ،نەقۆزیتەوە..هەتا هەتایە لە دەست دەچێت » ولیام جێمس دەڵێ :« پیاوە ئازاکان خۆیان هەلەکان دروست دەکەن ،ترسنۆک و لاوازەکانیش ،چاوەڕێی هەل دەکەن » بنیامین دزرائیلیش دەڵێ:« مرۆڤ وەچەی هەل و مەرجەکان نین ،بەڵکو بەرهەمی دەهێنن »..کەواتە وتەکەی سەرۆکی کوردستان ،مافی چارەی خۆنووسین لە لە کات و جێی خۆیدایە ..پێویستە » مافی چارەی خۆنووسین »بکەینە دروشمی ستراتیژیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و، بۆ ئەم مەبەستەش بتوانین لە ناوخۆی کوردستان و لە وڵاتانی دەرەوە،بە پێی کۆمەڵێک مێکانیزم و لەئاستێکی باڵادا،هەوڵی پاڵپشتی و پشتگیری و لایەنگیریی گەلان و وڵاتان و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییەکان و پارتە ناسراوەکان بۆ ڕەواییمان بە مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆیی گەلەکەمان بە دەست بهێنین..هەموو خواست وهیوایەکیش بە هەوڵ و تێکۆشانی بێوچان ..ئەمڕۆبێ یا سبەی دێتە دی. ئەم هەنگاوەی سەرۆکی کوردستان شایانی ڕێز و دەستخۆشییە ، دەستخۆشیش لە سەرۆکی حکومەتی کوردستان دکتۆر بەرهەم ساڵح دەکەم ،کەپێخۆشحاڵی و پاڵپشتی خۆی بۆ وتەکەی سەرۆکی کوردستان دەربڕی..منیش وەکو تاکێکی کورد و کوردستانپەروەر،بە دڵ و بە گیان پشتگیری لە چەسپاندنی ئەو دروشمە دەکەم ..هاودەنگ و هاوهەڵوێستم لەگەڵ بڕیاری «مافی چارەی خۆنووسین ». ئەوەش دەزانین کە لە لای ئەو لایەنانەی کە چاویان بە ئازادی و سەربەخۆیی کورد هەڵنایەت،ئەمە بە تاوانێکی گەورە وبە جیابونەوەخواز ناودەبەن، لەهەندێ میدیا و ماڵپەڕی ناسراو بە دژایەتیکردنی کورد،کەوتوونەتە وەڕین وهەڵبەستنی قسە و درۆ و بوختانی بێ بنەما لە دژی گەلی کوردمان ،قسەی ناشیرین وتن بە سەرکردەکانی کوردمان ئەمەش بە لای ئێمەوە شتێکی چاوەنوارِ کراوبوو ، بێگومان قسەی زیاتر و حەقد و قینی زیاتریش هەڵدەڕێژن..با ئەو بایەی لە سکیاندایە دەریکەن..کورد لەوە گەورەترە کە بە قسەی ئەم شۆڤێنییانە کۆڵ بدات. گرنگ هاودەنگی و هاوهەڵویستی و هاوکاریی و تەبایی ئێمەی کورد خۆمانین.

سەرچاوە: سایتی کوردستانی گەورە

# ئیمپراتۆرییە کوردیەکان لەمێژوودا

## دەوڵەتی حەسنەوی

کورد لە سەردەمی ئایینی ئیسلامیشدا لە خاکی کوردستاندا چەند دەوڵەتێکی جیاوازی دامەزراندووە. بەپێی باری ئەو دەمە ئەوانە دەوڵەتی هەرێمی بوون و لە ژێر سەرۆکایەتیی هەندێک خێزاندا بوون .بەداخەوە کورد لەو کاتەدا نەیتوانی لە سەرانسەری کوردستاندا دەوڵەتێکی مەزن و ناوەندی دامەزرێنێ. هەر لەبەر ئەوەش بوو چەند دەوڵەتێکی هەرێمی دامەزرا. لە باشووری کوردستاندا، لە شاری "جیبەل "خانەدانێکی کورد بە ناوی "تەسنەوی"یەوە، هێزی خۆی رێک خست و لە ساڵی ٩٤١ی پاش زاییندا سەربەخۆیی خۆی ئاشکرا کرد. بەرەبەرە سوپا و دەوڵەتی پێش خست و شاری هەمەدان، مەهاباد، کرماشان و شارەزوور کەوتنە ناو سنووری دەوڵەتی تەسنەوییەوە. دەوڵەتی تەسنەوی پارە و پووڵیشی هەڵکەند و سیستێمی ئابووریی ناوەندیی پێک هێنا. لە کوردستاندا رێگاوبان و ئاواییان دروست کردەوە .دەوڵەتی تەسنەوی تاکوو ساڵی١٠١٤ دەسەڵاتی هەبوو.



## دەوڵەتی شەدادی

لە ساڵی ٩٥١ی پاش زاییندا سەرۆکی تیرەی ڕەوادی، متەمەد شەدادی دەوڵەتی شەدادیی کوردی دامەزراند و سنوورەکەیشی، لە شاری ڕەواندزەوە تاکوو شاری گەنجە . ئازەربایجانی سۆڤێتی . دەکشا .لەو کاتەدا لە ڕۆژهەڵاتی کورستاندا دەوڵەتی شەدادی و لە ڕۆژاوای کوردستاندا دەوڵەتی مەروانی و لە باشووریشدا دەوڵەتی تەسنەوی هەبوون. ئەم سێ دەوڵەتەی کورد، هەموو هاودەمی یەکتر بوون. لە سەردەمی دەوڵەتی شەدادیدا، ژیانی کولتووری و هونەری زۆر پێش کەوت .

لە ساڵی ١٠٨٨دا شای سەلجووقییەکان هێرشێکی مەزنی بردە سەر دەوڵەتی شەدادی و دوایی پێ هێنا.

## دەوڵەتی مەروانی

لە ساڵی ٩٨٥ی پاش زاییندا باد دۆستەک دەوڵەتی مەروانیی دامەزراند و مەییافەرقین (سلیڤان)یشی کردە پایتەخت بۆ خۆی. سنووری دەوڵەتی مەروانی لە ماوەیەکی زۆر کەمدا فراوان کرا و تاکوو هەرێمی نسێبین، جەزیرە، مەعدەن، ئامەد، ڕەتا، بەدلیس و مەلازگریی گرتەوە.

ئەو پاشایانەی کورد کە دوای دۆستەک هاتن، دەوڵەتی مەروانییان بەباشی و خۆشی ڕاگرت، بەتایبەتی لە سەردەمی پاشایەتیی ئەتمەد مەروان (ناسرلدەولە)دا، خەڵک بە ئازادی و سەرفەرازی دەژیا. لە دەوڵەتی مەروانیدا شارستانێتی و هونەر زۆر پێش کەوتن. پەیکەری مەییافەرقین و ئامەد دیاربەکری سەرلەنوێ دروست کرایەوە. گەلێک مزگەوت و کاروانسەرا و پرد دروست کران. لە کۆشکی پاشایانی کورددا مۆسیقا، سەما و هەڵپەرکێ پەرەی سەند و کاری هونەری پێش کەوت و دەوڵەمەند بوو.

لە کاتی بوونی دەوڵەتی مەروانیدا، دەوڵەتی تورکە سەلجووقییەکانیش هەبوون، لە سەردەمی مەنسووری ناسرلدەولەدا، توغرولبەگ سوڵتانی سەلجووقییەکان بوو.

لە ساڵی١٠٤٣دا توغرولبەگ بە سەرۆکایەتیی توغا ئاسغلی ١٠٠٠ سواری ناردە سەر مەییارفەرقین، بەڵام هێزی سەلجووقیی تورک بەرانبەر سوارچاکیی مەروانی خۆیانیان ڕانەگرت و پیس شکان و تاڵانیش کران، ئیتر لە دوای ئەوەوە تورک خۆی دوور ڕا دەگرت.

لە سەردەمی ناسرلدەولەدا دەوڵەتی مەروانی بەرەو کزی چوو و نیزامولمولکی سوڵتانی سەلجووقییەکان، بە هەلی زانی و هێزێکی سوارەی بە سەرکردایەتیی فەخرولدەولەی ناردە سەر مەروانیەکان. فەخرولدەولە لە نزیکی ئامەد لەشکری خۆی دوو بەشەوە، بەشێکیان بە سەرۆکایەتیی کوڕەکەی خۆی، زەعمیرولڕوئەسا، ناردە سەر ئامەد و خۆیشی لەگەڵ هێزەکەی تردا هێرشی کردە سەر وان کە پایتەخت بوو، ناسرولدەولە ناچار بەرەو جەزیرە هەڵات .

لە ساڵی ١٠٨٦دا و دوای مەییارفەرقین و ئامەد، ئیتر دەوڵەتی مەروانی کەوتە ژێر دەستی تورکە سەلجووقییەکانەوە. لە ساڵی ١٠٩٧دا دوایی بە دەسەڵاتی مەروانی هات.

## ئیمپراتۆریی ئەیووبی

ئەیووبییەکان تیرەیەکی کوردن و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ژیاون. نوورەدین مەتموود، لە سەدەی دوانزەیەمدا دەوڵەتی زەنگیی لە ناوچەی کەرکووک، مووسڵ، تەلەب دامەزراند. لەو دەمەدا خاچپەرستانی ئەورووپا، بە ئەنادۆڵدا هێرشیان کردە سەر شاری قودس. نە تورکی سەلجووقی و نە دەوڵەتی فاتمیی مسر توانییان پێشی ئەو لەشکرەی خاچپەرستانی ئەورووپا بگرن، تاکوو بەرگری لە شاری قودس بکەن و بیپارێزن .

سەرۆکی دەوڵەتی زەنگی، نوورەدین مەتموود بۆ پاراستنی سەرداری و سەروەریی قودس، لەگەڵ خاچپەرستاندا کەوتە شەڕ. لەبەر ئەوە هێزێکی مەزنی بە سەرۆکایەتیی سەلاتەدینی ئەیووبیی ناردە پایتەختی دەوڵەتی فاتمیی مسر .

سەلاتەدینی ئەیووبی قوماندارێکی گەلێک زیرەک و قارەمان بوو. لە ساڵی ١١٧١دا هەلی بۆ هەڵکەوت و دەستی بە سەر دەوڵەتی فاتمیی میسردا گرت و دەسەڵاتی خۆی ئاشکرا کرد و لە جێی دەوڵەتی فاتمی، دەوڵەتی ئەیووبیی دامەزراند. سەلاتەدین لەسەر هەڵوێستی خۆی کاروباری ڕادەپەڕاند. لە ساڵی١١٧٤دا سنووری دەوڵەتی ئەیووبیی ئیسلامیی فراوان کرد و بوو بە خاوەن دەسەڵات. سنووری ئەم دەوڵەتە لە مسرەوە تاکوو تیجاز،یەمەن، فەلەستین، سووریا، کوردستان بوو. سەلاتەدین بۆ خۆی هێزێکی چابووک و سوارچاکی لە کورد دروست کردبوو.

سەلاتەدینی ئەیووبی بە قارەمانێتیی خۆی شاری قودسی لە خاچپەرستانی ئەورووپا ڕزگار کرد و هێزی خاچپارێزانی ڕەتاند و ناوی قوماندارێتیی کورد لە تەواوی جیهاندا بڵاو بووەوە. ئەگەرچی سەلاتەدین و هەندێکیش لە لەشکرەکەی کورد بوون، بەڵام دەوڵەتی ئەیووبی خۆڕسک دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی نەبوو، بەڵکوو دەوڵەتێکی ئیسلامی بوو، چونکوو لە سەردەمی ئەو کاتەی ئیسلامدا، ئەو دەوڵەتانەی دادەمەزران، لەسەر بنج و بناوانی نەتەوەیی دانەدەمەزراند، چونکە هۆشیاریی نەتەوەیی لەو ئاستەدا نەبوو کە ببێتە مایەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی.

سەلاتەدینی ئەیووبی لە ساڵی ١١٩٣دا مرد و ئیتر دەوڵەتی ئەیووبی بەرەو سستبوون دەچوو، تاکوو لە ساڵی ١٢٥٠دا دەوڵەتی ئەیووبی کۆتاییی پێ هات. ئێستاش گۆڕی سەلاتەدینی ئەیووبی لە شاری شامە و لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە: "سەلاتەدینی کورد.ع

لێرەو بەدواوە هاورییان دێینە سەر میرنشینەکان یەکێک لە میرنشینە بەناوبانگەکان بابزانین دامەزرینەرەنی ئەم میرنشینە کێن

## میرنشینیی ئەردەڵان

میرنشینیی ئەردەڵان لە لایەن بابائەردەڵانەوە دامەزرێنراوە، ئەم میرنشینە نزیکەی ٦٥٠ ساڵ دەسەڵاتی هەبوو. کاتێ مەغۆلەکان هێرشیان کردە سەر کوردستان، بابائەردەڵان سیاسەتی بەرانبەر ئەوان بەکار هێنا و لەگەڵیاندا نەکەوتە شەڕ، جا لەبەر ئەوە تا دەهات دەسەڵاتی میرنشینی ئەردەڵان لە هەرێمی شارەزوور و هەوراماندا مەزنتر و بەرفراوانتر دەبوو. بە ئامانجی ئەوەی کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی دامەزرێنێ .ئەوە بوو لە دواییشدا تا ڕادەیەک گەیشتە ئامانجی خۆی و دەوڵەتێکی هەرێمیی نەتەوەییی تەمەندرێژیشی دروست کرد.

لە سەدەی چواردەیەمدا، لە عێرقدا دەوڵەتی جەلائیری دروست بوو و توانییان بەشی ڕۆژاوا و باکووری ئەردەڵان بگرن. بەڵام لە سەدەی پانزەیەمدا سەرۆکی میرنشینی ئەردەڵان، میرتەسەن، باکوور و ڕۆژاوایشی لە ژێر دەستی جەلائیرییەکان ڕزگار کرد و زێی مەزنی کردە سنووری باکووری میرنشینی ئەردەڵان و لە ڕەواندزیشدا بنکەیەکی سەربازیی دروست کرد.

لەو سەردەمەدا وێژە و هونەر و زمانی کوردی لە مزگەوتەکاندا زۆر پێش کەوتن و گەلێک بەرهەم بە زمانی کوردی بڵاو کرایەوە .عوسمانییەکان لە ساڵی ١٥٤٩دا هێرشێکی گەلێک مەزنیان بردە سەر ڕەواندز و لە نێوان عوسمانییەکان و هێزی میرنشینی ئەردەڵاندا شەڕێکی دژوار ڕووی دا، عوسمانییەکان سەر نەکەوتن و شکستیان هێنا .

میرنشینیی ئەردەڵان تاکوو ساڵی ١٨٦٤ لەسەر دەسەڵاتی خۆی مایەوە .

دوا میری ئەم میرنشینە ئەمانوڵڵا بوو کە هەر لەو ساڵەدا بە دەستی عوسمانییەکان لە ناو برا و ئەم میرنشینە کۆتایی پێ هات.

## میرنشینیی بادینان

میرنشینیی بادینان لە نێوان شاری مووسڵ و چەمی دیجلە و زێی مەزندا دامەزرێنرا بوو. سنووری میرنشینیی بادینان، لە ڕۆژئاواوە میرنشینیی بۆتان و لە باکوورەوە میرنشینیی هەکاری و لە ڕۆژهەڵاتیشەوە میرنشینیی سۆران بوو. شاری ئامێدی پایتەختی میرنشینیی بادینان بوو. سنووری ئەم میرنشینییە ئەم شارانەی دەگرتەوە: زاخۆ، ئاکرێ و دهۆک .

دەوڵەتە هەرێمی و مەزن و ناوەندییەکانیش هەردەم دووبەرەکییان دەخستە ناو میرە کوردەکانەوە و نەیاندەویست میرە کوردەکان یەک بگرن و میرنشینە کوردییەکان ببی بە یەک .

دوای مردنی میرئیسماعیلی بادینان، میر متەمەدی سۆران میرنشینیی بادینانی خستە ژێر دەستی خۆیەوە و هەردوو میرنشینەکە بوون بە یەک. میرنشینیی سۆرانیش لە هەرێمی خۆیدا زۆر مەزن و بەهێز بوو.

## میرنشینی سۆران

دامەزراندنی میرنشینی سۆران لە لایەن کوردێکەوە بوو ناوی کەڵۆس بوو. کەڵۆس کوردێکی گەلێک ناودار بووە. لە سەردەمی مەر مستەفادا بارودۆخی میرنشینی سۆران گەشە دەکات و خۆش دەبێت. میر مستەفا لە ساڵی ١٨١٣دا دەسەڵاتی میرێتی دەداتە دەستی کوڕەکەی خۆیەوە کە ناوی میر متەمەد بووە، میرمتەمەد پیاوێکی هۆشیار و زیرەک بووە، زۆر بەناوبانگ بووە، ئەم میر متەمەدە زیاتر بە پاشا کوێرە بەناوبانگ بووە .

میر متەمەد کاروباری میرێتی دەکاتە دوو بەشەوە:

١- چارەسەرکردنی شەڕ و گێرەوکێشەی ناوخۆیی.

٢- خەبات لە پێناوی بەرفراوانکردنی میرنشینی سۆراندا. میرمتەمەد . پاشا کۆرە . پاش تێپەڕ بوونی سێ ساڵ بەسەر میرێتییەکەیدا، واتە لە ساڵی ١٨١٦دا کارخانەیەکی چەکی لە کاولان کە نزیکی ڕەواندزە دروست کرد.

لەو کارخانەیەدا، شمشێر تفەنگ و گوللە و تۆپ و چەرخی تۆپ و ... هتد درووست دەکران.

پاش ئەوەی میر سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند و دەستی دایە خەباتی بەرفراوانکردنی سنووری میرنشینیی خۆی و ئۆردووگایەکی سەربازیی لە ٣٠٠٠٠ (سی هەزار) سەرباز دروووست کرد، لەوانە ١٠٠٠٠ (دە هەزار)ی سوارە و ٢٠٠٠٠ (بیست هەزار)یشی پیادە بوون.

لە ساڵی ١٨٣٣دا سنووری میرنشینیی سۆران گەلێک بەرفراوان بوو. لە باکوورەوە دەگەیشتە جزیرە و لە باشووریشەوە تاکوو زێی بچووک و لە لایەکی تریشەوە دەگەیشتە سنووری میرنشینی بۆتان.

میرمتەمەد بۆ بەڕێوەبردنی میرنشینیی خۆی، سیستێمێکی دانا.

لە سیستێمەکەیدا خەزێنەیەکی سێ بەشیی پێک هێنا:

١- بەشی ماڵ و مڵکی تایبەتیی میر.

٢- بەشی داهات و باج.

٣- بەشی دارایی و فەرمانڕەوایی و شارەکان و ... هتد.

میرمتەمەد لە ساڵی ١٨٣٠دا لەشکرێکی مەزنی بە سەرۆکایەتیی ئیبراهیم پاشا، دژی سوڵتان مەتموودی دووەمی عوسمانی ناردە سەر سووریا و لە لایەکی تریشەوە لەشکرێکی تری بە سەرۆکایەتیی میرموراد ناردە ئێران و ئەو ناوچانەی کوردیان تیا دەژیا .

میر لە ساڵی ١٨٣٤دا پەیمانێکی ئاشتیی لەگەڵ ئێراندا مۆر کرد .

دەوڵەتی عوسمانیش هەردەم خەریکی پلانی هێرش بردنە سەر میرنشینی سۆران بوو، بەڵام هەر سەر نەدەکەوت .

لە ساڵی ١٨٣٦دا عوسمانییەکان بە سەرۆکایەتیی ڕەشید پاشا، هێزێکی گەورە و گرانیان ناردە سەر میرنشینی سۆران و شەڕێک قورس بەرپا بوو. لە دواییدا هێزی عوسمانی توانیی دەوروبەری میرنشینیی سۆران بگرێ.

دوایی میرمتەمد خۆی چوو بۆ ئەستەمووڵ. سوڵتان مەتموودی دووەمی عوسمانی میری ئازاد کرد، بەڵام لە گەڕانەوەدا بۆسەیەکیان بۆ دا نا و بە نامەردی میرمتەمەد . پاشا کۆرە . یان کوشت و میرنشینیی سۆرانیان هەڵوەشاندەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستانی گەورە

# ژیانی جوولەکە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ئێران ئاسەواری جوولەکە لە شارە کوردیەکان ویران دەکات

## جووەکانی شاری سنە:



نەریمان ئاریایی تەمەن (٢٧) ساڵا لە شاری سنە لە دایک بووەو یەکێکە لە جووەکانی ئەو شارە. لەوبارەیەوە دەڵێت:

لە شاری سنەدا گەڕەکێکی تایبەت هەبوو بۆ جووەکانو بازاڕو بەشێکی گرنگی شار لە دەستی جووەکاندا بوو، لە سەردەمی پێشۆدا (٤) کەنیسە لەو شارەدا هەبوو، بەڵام ئێستا دوو کەنیسەی تیا ماوەتەوە. کەنیسەیەکی کۆن لە شاری سنەدا هەبوو حەوشێکی گەورەی هەیەو هەموو دەرگاو پەنجەرەکانی دارینە.

لە کەنیسەی سنەدا، دێرین ترین بەڵگەی سەفەری تەوراتی تیایە کە بەهادارترین پێستی ئاسکەو مەرەکەبەکەشی تایبەتە بە وڵاتی چینو لە لایەن ئاسەواری ئێرانەوە چەند جار سەردانی کراوەو خەڵک بینیویانەو یەکێکە لە ئاسەواری جووەکانی شاری سنەیەو ڕێزی لێدەگرین.

بیناو عەمارەتە کۆنو جوانەکانی شاری سنە زۆربەیان بە دەستی وەستاکانی جوو لەو شارەدا بینا کراون. پیشەی جووەکان لەم شارەدا زیاتر قوماش فرۆشتنو جل فرۆشی و شتی ڕازانەوەو پارەگۆڕینەوە بووەو هەروەها هەندێ لە جووەکانی ئەم شارە کاتی خۆی بە پێ ڕۆیشتوون بۆ عێراق و شتەکانیان لەوێ دەفرۆشتو کەلوپەلی تریان بۆ فرۆشتن دەهێنایەوە بۆ سنە.

لەبارەی جووەکانی ئەمڕۆی سنەوە دەڵێت: شاری سنە پیشینەیەکی مێژوویی هەیە بۆ جووەکانو بە داخەوە ئێستاکە ڕێژەی جووەکان لەم شارەدا ناگاتە (١٠)کەس تەنانەت (عوسارا) جێبەجێ نابێت (عوسارا نوێژی بەکۆمەڵی جووەکانە)، هەروەها کەنیسەکان بەتاڵەو تەنها تەوراتی تیا دەپارێزرێتو ئێمەش لە کاتی خۆیدا سەردانی کەنیسە دەکەینو بە داخەوە حکومەتی ئیسلامی ئێران بەربەستە لەبەردەم کاروباری ئاینیماندا.

## گوندی باشماخی دێولان:

ئێستاش جووەکان هێشتا لە گوندی باشماخ ماونەتەوە، ئەو گوندە گوندێکی بەناوبانگە لە ناوچەکەداو یەکێک لەو جووانە کە ئێستا بە بنەجوو ناویان دەبەن داهێنانی زۆری کردووە یەک لەوانە مەکینەی کشتو کاڵییە.

گوندی قوروچای کە جوولەکەی تێدا بووەو ئێستا کەسیان لێ نەماوە.

## جووەکانی شاری میاندووئاو:

لە سەردەمی کۆندا ڕێژەی جووەکانی شاری "مەیاندووئاو" لە هەموو شارە کوردیەکان زیاتر بووەو بەرەبەرە کەمی کردووەو بەرەو وڵاتانی دەرەوەو شارەکانی تر کۆچیان کردووە، پیشەیان لەم شارەدا قوماش فرۆشتن بووە.

پێشتر کەنیسەی زۆری لێبووە بەڵام ئێستاکە لە سێبەری حکومەتی سەرکوتکەری ئێران هیچ کەنیسەیەک لەم شارەدا نابینرێتو هەر کەسەو مەراسیمی ئاینی لە ماڵی خۆیدا بەڕێوەی دەباتو نزیکەی ٧ یان ٨ خێزانی جوو لە شاری مەیاندووئاودا ماونەتەوە کە نەوجەوانەکانیان ١٥ و ١٦ ساڵانن.

لەم شارەدا مەراسیمێکی زۆر جوان بەڕێوەدەچوو: بووک لە شەوی زەماوەندا پێش ئەوەی لە ماڵی باوان بڕواتە دەرەوە، بە دەور چرایەکدا دەگەڕاو دەستی باوکی دەخستە ناو دەستیو ئەوەش بەهێمای ماڵئاوایی کردن لە ماڵی باوانی بوو. کە ئێستاش لە ئیسرائیل ئەو مەراسیمە لە ناو هەموو جووەکاندا هەر بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت.

گوندی گوڵا تەپەی مەهاباد کە ئێستاش بنەجووەکانی تێدان.

## جووەکانی شاری خورەم ئاباد (لورستان) :

هاتنی جووەکان بۆ شاری خوەرم ئاباد کە ئەوانیش هەر کوردن دەگەڕێتەوە بۆ پاش هێرشەکانی (تەیموور)، چونکە دوایین هێرشی تەیموور بە گشتی خورەم ئابادی وێران کرد. سەرەتا جووەکان لە شاری (برۆجەرد) نیشتەجێبوون کە پاش وێرانی خورەم ئاباد هاتنە ئەم شارەو ئاوەدانیان کردەوە. ئەو کۆچەش بە دڵنیاییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی سەدەی (١٤) و (١٥)ی زاینی.

## جووەکانی شاری کرماشان:

جووەکانی کرماشان تا پێش کۆماری ئێران بەکۆمەڵترین جووەکانی ئێران بوون، بەڵام لە ئێستادا تەنها لەو چوار کەنیسەیەی کە پێشتر هەبوو تەنها یەکیان چالاکەو خەڵکی جوو رووی تێدەکا ئەوەش بە هۆی کەمبوونەوەی جووەکانە لەم شارەدا، جێبەجێکردنی کاروباری ئاینی لە شاری کرماشاندا لە ئەستۆی (حاخام میکاییل قودوسی)یە.

زۆربەی جووەکانی کرماشان بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری (سونقوری کولیایین) کە بە هۆی کەمبوونەوەیان لەم شارەدا روویان لە شاری کرماشان کرد. دوو کەنیسەی بە ناوبانگیان هەیە لەم شارەدا بە ناوی "ئیتیحاد"و "گولبەهار" کە زۆر کۆنو بیناکەشی جوانە. قەبرستانی جووەکانی ئەو شارەش دەکەوێتە جادەی نێوان کرماشانو کامیاران. پیشەیان زیاتر ڕەنگرەزی (ڕەنگ کردنی بەن بۆ فەرش)، دروستکردنی فەرشو هەناردەی فەرشە.

## جووەکانی شاری هەمەدان:

سەردەمانێکی کۆنە کەنیسەی جووەکان لە نزیک پارێزگاری شاری "ساوە"و "خومەین"و "دلیجان"و شەراە" دامەزراوە. لە شاری هەمەدان دا گرنگترینو پیرۆزترین ئارامگە بوونی هەیە بە ناوی "ئەستەر و مەردخای. چوار پێغەمبەری جوو لە شاری "قەزوین" نێژراون، لە شاری "تۆیسەرکان" پێغەمبەرێکی جوو هەیە بە ناوی "حەبقووقی نەبی"و لە باشووری ڕۆژئاوای شاری "ساوە"دا ئارامگەی پێغەمبەرێکی تر هەیە بە ناوی "ئەشموویلی پێغەمبەر". بە دانپیادانەکانی بەرپرسێکی ئاسەواری ئەو شارە دەڵێت:" بوونی ئاسەوارە پیرۆزەکانی جوو پیشاندەدات کە کاریگەری ئاینی جوو لەم ناوچەیەدا لە سەرەتای بوونی پێغەمبەرەکانی جوو هەبوونەو هەر ماوە بەتایبەتی لە سەردەمی "مەسا"ی پێغەمبەر. کاریگەری ئەم ئاینە زیاتر لە ناوچەی "جاوەرسیان" لە بەشی "شەراە"ی شاری "ئەراک"دا ماوەتەوە. لە شاری ساوە ناوچەیەک هەیە بە ناوی "ئەلڤیر" کە دەکەوێتە ناوچەیەکی کوێستانی بە ناوی "خەرقان" و بە زمانی عبری قسە دەکەن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جووەکان چەندە لە ئێراندا دێرینن. جووەکانی هەمەدان ڕەچەڵەکی خۆیان دەگەڕیننەوە بۆ "سەبت شیمعۆن" کە یەکێکە لە ڕۆڵەکانی "یاقووی پێغەمبەر" و هەندێ لەوانەش خۆیان بە نەوەی داودی پێغەمبەر دەزانن. هەمەدان یەکێک بووە لەو ناوەندانەی کە زۆرینەی جووەکان لەوێ نیشتەجێبوونە، ئەوەش بە هۆی

ئەوەی هاوینەهەوار بووە. سەد ساڵ لەوەوپێش جووەکانی هەمەدان (١٠٠٠٠ ) کەس بوون، ئێستاکە نزیکەی ١٠٠٠ کەسی لێماوەتەوە. سەرەتا کە هاتوونەتە ئەم شارە پیشەیان کشتوکاڵی و مەڕوماڵاتداری بووە – سەردەمانی زوو- ، پاشان بە هۆی گۆڕانی کۆمەلایەتی پیشەی کارامەیان هەڵبژاردووە وەکو قوماش فرۆشتن، فرۆشتنی دەرمانو گیای سروشتی، پاشان پزیشکیو پیشەی زانستیو ئیداری. لە کەنیسەکانی هەمەداندا دەستنووسی جووەکان هەر ماوەتەوە کە بە خەتی عبریو فارسی تێهەڵکێش کراوەو پێی دەوترێ "فارسیهوود". جووەکانی ئەم شارە لە کەنیسەو کتێبخانە تایبەتەکانی خۆیاندا فێری نووسینی زمانی عبری دەبوون. پاشان لە شوێنێکدا بە ناوی "گەن یەفلادیم" کە هەمان رەوزەیە (خانەی منداڵان)، منداڵەکانیان هەر منداڵیەوە فێری زمانی عبری دەکردو زمانەکەیان دەپاراست. پاشان لە تاران دا خوێندنگەیەک بە ناوی "ئالیانس" کرایەوە تایبەت بە جووەکانو دوابەدوای ئەوەش هەر ئەو خوێندنگەیە لە شاری هەمەدان بۆ جووەکان کرایەوە. ئەو خوێندنگەیە ئەوەندە پێش کەوت کە باشترین خوێندکارانی ئێران لە ریزو پلەی یەکەم بۆ سێیەم لەوێ دەردەچوون، تەنانەت لە وەرزشدا پلەی یەکەمیان دەهێنایەوە لە ئێراندا.

جووەکانی ئەم شارە زۆر حەزیان لە هۆنراوەو مۆسیقا هەبووە. لە شاعیرانی هەمەدانی : تالێع، سەیاری، زوهوری-ین. مۆسیقازانەکانیان : جەنابی ڤێنۆسی، ئەسحەق ئەنجومەنی، ئەسحەق شیرازی بوون، ئەم سێ کەسە ئامێری تار-یان دەژەنیو جەنابی "رەبیع" ژەنیاری "چەگۆر" کە "شەش تار"یشی پێدەڵێن. جەنابی "باباجان یۆسفیان" ژەنیاری سەنتۆر و تومبەک بووە، کە ئەم کەسە ناوبانگی دەرکردووە بە باباجان شەش پەنجەیی. جەنابی "خۆش ئاهەنگ" ژەنیاری تومبەک بووە هەروەها یەحیا ئەنوەر ژەنیاری تار بووە.

بەناوبانگترین پزیشکەکانی ئێران جووەکان بوون کە زۆربەیان لە هەمەدان دا ژیاون وەکو: جەنابی/ دکتۆر زەهیرۆلحوکەما، دکتۆر دانیال سدیق ئەلحوکەما، دکتۆر یاقووخان ناوبانگ بە ناسرئەلحوکەما، دکتۆر بابا ناوبانگ بە ساعد ئەلحوکەما، دکتۆر خوداداد ناوبانگ بەنی شاهی، دکتۆر بەسیر، حەکیم سولەیمان، حەمیم بنیامین، حەکیم نەبی، حەکیم ئاقا، حەکیم یۆسف، دکتۆر عەزیز سینایی، دکتۆر موراد سینایی، دکتۆر موستەفیز، دکتۆر ئیبراهیم ئوخوڤەت، دکتۆر مەحمود، ئەمانە دکتۆرە دێرینە جووەکانی شاری هەمەدانن کە ئێستا هیچ کامەیان نەمانو کۆچی هەتاهەتاییان کردووە، بەلام رێگای زانستیان بەردەوامە. دکتۆرەکانی ئەم سەردەمە ئەمانەن: دکتۆر نوورانی، دکتۆر مەهدییان، دکتۆر شەفا، دکتۆر ناسری، دکتۆر کرمانی، دکتۆر ئەمینی، دکتۆر رەفیع.

سەرچاوە: گۆڤاری ئیسرائیل - کورد

====================================================

# خاک و نەتەوە

کێ ئەزانێ جوانی ئاسمانی نیشتمان و خۆشەویستی خاک و خۆڵی چی‌یە
کێ ئەزانێ گەورەیی بوون لەنەتەوەو، نەتەوە لەبووندا چی‌یە

ژینی دوور لەدۆستان و تەنهایی، دەردوو ژان و نامۆیی یە
مرۆڤی بێ خاک و نەتەوە بمرێ چاکترە، بوونی لەغووربەتدا چی‌یە

هەرکەسێ خاکی نەبێ، قوڕبەسەرو بەدبەختە وەک قەرەجی بێ نیشتمان
باهەموو دنیا موڵکی ئەو بێت، چرکەیەک هەناسەو ڕاکشان بێ ماڵ چی‌یە

لە هەر شوێنێکی جیهاندا لێیان پرسیت، خەڵکی کوێ و کام نەتەوەی
خاک و میللەت شانازی یە، بێ ئەو دووانە مرۆڤی ژێر بوونی نی‌یە

هەزاران پیاوی خۆفرۆش دەوڵەمەند بوون، کوتەک و داردەست بوون ئەوانە
لاپەڕەی تەمەنیان ڕەشە، ڕەنج و سەرمایە بۆ نەتەوەی خۆت نەبێ چی‌یە

هەژارو بێکەس و سالم، پیرەمێردو نالی و مەحوی
قرانێکیان نەبوو بیخۆن، بەلام کتێبخانەی وولات بەبێ ناوی ئەوان چی‌یە

تەنها نیشتمان پەروەری شانازی و جوانە، خۆ مردنێک قەرزارین گشت
کۆچ و بارو کوولە مەرگی بۆ خاک نەبێ، جیاوازی چای تاڵ و شیرین چی‌یە

دەسەڵات بووی بەسەر نیشتمان و میللەتی خۆت دەبێ خزمەتکاری بچووکی بیت
نەوەک خەڵتانی خوێنی کەی، جیاوازی تۆ لەگەڵ سەدام و ئەتاتورکا چی‌یە

هەر پیاوێ مەردو ئازا بێت، قەد نەتەوەی ئازار نادات لەپێناوی ئافەرینێ
ژینی ئازادی مەزنە وولات پارێزییە شەرەف دەنا چیت کرد بۆ نەتەوەت نی‌یە

ماستاوچێتی و مەرایی کردنی دەسەلات، شەرم و بێگانە پەرستی و دیلی یە
کاسەلێسی بەگی خۆت بیت یان بێگانە تۆنۆکەری جیاوازی خیانەت چی‌یە

پیاوێک ڕووسپی و سەربەرزە، کەبۆنەتەوەی خەمخۆرو یەک چەشن بێت
دورِو بێت و لەسەر دوو پەت لەگەڵ میت و جاسووس و ئیتڵاعات فەرقی چی‌یە

هەرچی یەک بیت ئەبێ بیری سبەینێت بێت، سەربەرزی بیت بۆ گەل و هۆز
نەک بەئاگر میللەتی خۆت بسووتێنی، ئەی جیاوازی پاسدارو پێشمەرگە چی‌یە

م . حەمید عەزیز




# بزاڤێکی زیندوو و ئۆبژێکتیڤ بە ناوی بزووتنەوەی کرێکاری
## چاوخشاندنێک بەسەر خەباتی بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

*ئارام ئیبراهیم خاس*

**بەرایی:** کرێکار وەک بەشێکی گرینگ و بنەڕەتی لە پۆتانسیەل و هێزی مرۆیی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە توانایی بەرهەمهێنانی بۆ کۆمەڵگە هەیە، بە توێژێکی گرینگ و کاریگەری هەر کۆمەڵگەیەک دەژمێردرێ.

ئەو تایبەتمەندییانەو هۆکارە شوێندانەرەکانی دیکەی وەک پاڵنەری ئیدئۆلۆژیکی، هەوڵی کرێکارانی بۆ هێنانە بەرباس و گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان بەدواوەیە، کە دەبێتەهۆی ئەوە کە بزووتنەوەیەکی چالاک و یەکسانیخواز بە ناوی بزووتنەوەی کرێکاری لە گۆڕەپانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دا سەرهەڵداو تا ئێستاش درێژە بە ژیان و خەباتی خۆی بدا.

بزووتنەوەی کرێکاری بەو رابردوو و خەباتەی لە مێژووی خۆیدا تۆماری کردوە دەکەوێتە ریزی بزووتنەوە سیاسی ـ کۆمەڵایەتییە گەورەکان. بە درێژایی مێژوو بەشێکی زۆر لەو بزووتنەوەیە لە ژێر کاریگەری پاڵنەری ئیدئۆلۆژیکی لە چوارچێوەی کۆمۆنیستی دا ڕێک خراوەو فێرکارییە مارکسیستییەکانی کردۆتە سەرچەشن و هێڵی گشتیی سەرەکیی خەباتی خۆی.

**بزووتنەوەی کرێکاری پاش ڕووخانی بلوکی کۆمۆنیستی ڕۆژهەڵات**

دوای ڕووخانی بەرەی کۆمۆنیستی ڕۆژهەڵات و هاتنە ئارای پرۆژەو پلانەکانی وەک پێکهێنانی دەوڵەتی خۆشبژێوی لە ئورووپای ڕۆژئاوا، بزووتنەوەی کرێکاری هەنگاوی نایە قۆناخێکی نوێ لە تێکۆشانەکانی خۆیەوە.

ئەو بزووتنەوەیە دوای ڕووخانی بەرەی ڕۆژهەڵات بۆ مانەوەو سەقامگیر بوونی خۆی پێویستی بە جۆرێک هەڵکردنی وشیارانە لەگەڵ سیستمی سەرمایەداریی حاکم دا هەبوو. ئەگەرچی نیئۆمارکسیستەکان بە هێنانە گۆڕێی پێناسە مرۆیی و یۆتۆپیاییەکان هەوڵیان دا ڕوومایەکی نوێ لە کۆمۆنیزم پیشان بدەن بەڵام بەم حاڵەشەوە ئەو بزووتنەوەیەی کە لەسەر دەستی پرۆلتاریا گەشەی سەندو ئیمپراتۆریی سۆسیالیستی دامەزراند، دوای ڕووخانی سیستمی کۆمۆنیستی تووشی جۆرێک وەستانی کاتی هات. ئیدی پێناسە ئۆرتۆدوکسییەکانی کرێکاری وەک هێزی کار، بایەخی زێدە، سەرمایەدارو... وەک پێشتر باویان نەمابوو و بگۆڕێکی دیکە بە ناوی دێموکراسی لە هاوکێشەکاندا هاتبووە بەرباس و لە هەوڵی گرتنەوەو پڕکردنەوەی شوێنی خەباتی چینایەتی دابوو و بەرەبەرە تیۆردارێژەرانی جیهانی ڕۆژئاوا هەر لە زۆرنای فەوتانی ئیدئولۆژییەکان و کۆتایی مێژوویان دەتووراند.

بەڵام بزاڤی کرێکاری بە مامڵەی دروستی خۆی لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای شەڕی سارد، قۆناخی خۆی تێپەڕاندو توانی ببێ بە یەکێک لە بزووتنەوە شوێندانەرەکانی کۆمەڵگە. ئەگەرچی بارودۆخی ئەو بزاڤە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا بە سەرنجدان بە چۆنێتیی پێبەندیی ئەو وڵاتانە بە بنەما یەکسانیخوازەکان و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و قانوونە عادڵانەکانی کار، وەک 48 کاتژمێر کار لە حەوتوودا یان سیگۆرتا (بیمە کردن) و مافی پێکهێنانی ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان جیاوازە. بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک سوئێد کە خاوەن ئابووری و خۆشبژێوییەکی بەرزە، بزووتنەوەی کرێکاری لە خۆشبینانەترین حاڵەت دا خۆی لە چوارچێوەی هێندێک دامەزراوی زەردی سەر بە دەوڵەت دا دەردەخا، کە ئەم بابەتەش ڕاستکەرەوەی ئەم وتەیەی خاتوو «ڕایادو نایفسکا»یە کە دەڵێ: «ئێستا کرێکاری جیهانی یەکەم لە سیستمی لیبراڵی و ئابووریی بازاری ئازاد دا باسکی بەهێزی کاپیتالیزمە بۆ چەوساندنەوەی کرێکارانی جیهانی سێیەم».

لە حاڵێکدا هەر ئەم بزووتنەوەیە لە وڵاتێکی دیکەو لە شوێنێکی دیکەی جیهان دا لە ئورووپای ڕۆژئاوا جیاوازە و ڕەنگە لە چوارچێوەی دامەزراوێکی نهێنی، شۆڕشگێرو یان توندوتیژ خۆی دەرخا.

**بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)**

بزووتنەوەی کرێکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا کۆتاییەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی دەرناکەوێ. دواکەوتوویی کوردستان لە باری پیشەیی و ئەمنییەتی بوونی کوردستان لە ڕوانگەی حکوومەتە داگیرکەرەکانەوەو میلیتاریزە بوونی ئەم بەشەو نەبوونی کار لە کارخانەی پیشەیی بە کردەوە بواری پێکهێنانی پرولتاریای ـ کرێکاری پیشەیی ـ لە کوردستان دا نەدەرەخساندو بەشێکی زۆری کرێکارانی کوردستان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران دا خەریک کارو چالاکی بوون. وێڕای ئەوەی کە بەشێکیش لەو هێزە هەر لە نێوخۆی کوردستان دا خەریک کاری کشت و کاڵی و ئاژەڵداری بە شێوازی نەریتی بوون.

پێکهاتەی نەریتیی کۆمەڵگەی کوردستان و گەشە نەکردنی ئابووریی پیشەیی لەو ناوچەیەدا بوو بە هۆی ئەوە کە خەباتی چەکداری پارتە ئیدئۆلۆژیک ـ مائوئیستەکانیش وەک «ئانتۆنی گرامشی» دەڵێ نەتوانن فێرکارییە مارکسیستی و کۆمۆنیستییەکان وەک فەرهەنگ ڕاگوێزنە کۆمەڵگەکانیانەوەو دەسکەوتێکی ئەوتۆشی نە بۆ خۆیان و نە بۆ کرێکارەکانی کوردستان بەدواوە نەبوو.

بەڵام بە هاتنە کایەی دروشمی «خەبات لە کارگەکان دا» لە ساڵی ١٣٦٧ لە لایەن هێندێک لە ڕەوتەکانەوە، یەکەمین نیشانەکانی لە دایک بوونی بزووتنەوەی کرێکاری وەک بزاڤێکی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی کە هەنووکە بە بەشێکی گرینگی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان دەژمێردرێ وەدیار کەوت.

ئەو بزووتنەوەیە لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ١٣٧٠ی هەتاوی دا خۆی ڕێکخست و لە ماوەیەکی کورت دا توانی بە پێکهێنانی سەندیکاکان، یەکیەتی و دامەزراوە سەربەخۆو سینفی و کرێکارییەکان پەرە بستێنێ و لە هەموو کارگەکان و کوورەخانەکان و.. هتد زمانحاڵی ڕاستەقینەی توێژی کرێکار بێ و داواکانی چینی کرێکار لە زمانی کرێکار بێنێتە گۆڕێ.

ڕێبەرە پراکتیکییەکانی بزاڤی کرێکاری لە ماوەیەکی کورت دا لە نێوخۆی کوردستان کارگەکانیان کردە سەنگەری سەرەکیی خەبات. کوردستان ئەم جارەش وەک یەکەمین و دوایین مەتەرێزی خۆڕاگری و خەبات وەک هەمیشە پێشەنگی ئەم گۆڕەپانەی خەبات بوو و بە فیدا کردنی تێکۆشەرانی هێژای وەک «جەماڵ چراخ وەیسی» ئەو ڕاستییەی سەلماند.

تێکۆشانی بێپسانەوەی کرێکاران لە کوردستان نیشانەی ئەم ڕاستییەیە کە بزووتنەوەی کرێکاری وەک بزووتنەوەیەکی چالاک و زیندوو، ڕێکخراوەو خاوەن بەرنامەو پلانی تایبەتە بۆ پێشخستنی خەباتەکەی و بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ و بێ ئەوەی بە هیچ جۆرێک لە بەرانبەر سیاسەتە کۆلۆنیالیستییەکانی ڕێژیم دا سەر دانەوێنێ. دامەزراندنی سەدان سەندیکاو ڕێکخراوو ئەنجومەن و شووراو دامەزراوی سەربەخۆی کرێکاری کە وەک ئەڵتێرناتیڤی پووچەڵکەرەوەی ڕێکخراوە کرێکارییەکانی وەک «خانەی کرێکار» کە بە شێوەیەکی دەسکردو ساختە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پێک هاتوون، نیشاندەری ئەو بزاڤە مەزنە کۆمەڵایەتی ـ سیاسییەیە کە شانبەشانی بزووتنەوەی کرێکاریی سەرانسەری ئێران ڕێگەی پێواوەو یەکێک لە کۆمەڵە بنەڕەتی و پتەوەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران بووە.

کۆماری ئیسلامییش لەم نێوەدا لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێک بۆ بە لاڕێدا بردنی بزووتنەوەی کرێکاری لە هێڵە گشتییەکەی کەمتەرخەمی نەکردوە. بەڵام ئەو کات گرنگیی ئەو بزووتنەوەیە و لێهاتوویی و لێزانیی رێبەرەکانیمان بۆ دەردەکەوێ کە بزانین بزووتنەوەی کرێکاری وەک هەموو بزووتنەوە سیاسی . کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات دا پشتی بە هێزی چینی کرێکاری ئێران و کوردستان بەستووە سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگەی سەر ئەو بزووتنەوەیەو چالاکانی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، توانیویەتی داوا رەواکانی خۆی لە ئاستی ئێران دا بێنێتە بەرباس و تەنانەت بیگەیەنێتە گوێی خەڵکی جیهانیش.

## لەمپەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان

ئەگەرچی دۆخی ئاڵۆزی ئابووریی ئێران، سەرنج نەدانی دەوڵەت بە کوردستان و نەبوونی پرۆژە سەنعەتییەکان و نەڕەخساندنی هەلی کار بۆ هێزی بەرینی کارو لاوانی کوردستان، حەقدەستی کەمی کرێکاران کە زۆربەشیان لە ژێر هێڵی هەژاری دا دەژین، نەبوونی سیگۆرتا (بیمە)، ساعاتی کاری زۆری رۆژانە، نەبوونی ئەمنییەتی گیانی بۆ کرێکاران لە کاتی کار کردندا، گرێبەستەکانی واژۆی سپی، داخرانی کارگەکانی بەرهەمهێنان بێ هیچ هۆکارێکی پاساوهەڵگرو دەرکردنی دەیان و بگرە سەدان کرێکار بێ ئەوەی خاوەن هیچ پشتیوانییەکی شوغلی و ئابووری بن، دیاردەی کرێکارانی وەرزی کە لە هەموو مافە سەرەتاییەکانی کرێکارێکی ئاسایی بێبەشن، کێشەکانی پێوەندیدار بە دامەزراندنی ژنانیش کە لەو بابەتەی ئێمەدا ناگونجێ و سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی باسمان کردن، گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانی کردنەوە بگرە تا، تیرۆرو هەڕەشەو تۆقاندنی چالاکانی کرێکاری، کاری ئەو بزووتنەوەیەی دژوار کردوەو کۆسپ و تەگەری زۆری خستۆتە بەردەم ئەو بزاڤە.

**ئاکام:**

بەڵام بەو حاڵەشەوە لەسەر ئەم بڕوایەم کە بزووتنەوەی کرێکاری، راستییەکی ئۆبژێکتیڤە کە وەک بەشێک لە خەباتە مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستان دەتوانین و دەبێ لە رێگەی جۆراوجۆرەوە بە شێوەیەکی کاریگەر کانالیزە بکرێو لە خەبات دژی سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی دا کەڵکی لێ وەرگیرێ. پارتە سیاسییەکانی کوردستانیش . چ چەپ و چ راست . دەبێ گرینگی بەو بزووتنەوەیە بدەن و کەڵک لە پوتانسیەل و هێزە مرۆییە مەزنەکەی وەرگرن و تەنیا بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی لە پێشدا نووسراو لە ساڵوەگەڕەکانی وەک رۆژی جیهانیی کرێکاردا رازی نەبن. چونکی موتوربە کردنی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەسپێکی پرۆسەی نوێی خەباتە

سەرچاوە : تیشک ژمارە ٢٦

************************************************************************************************

# یادێک لە دوکتور ڤیرا بیۆدین سەعیدپوور

لە ناو بنەماڵەیەکی جوولەکەدا لە باڕی، ڤێرمۆنت، لە دایک بووە. پێنج منداڵی لە ماڵێکدا گەورە کرد کە لە لایەن مێردی یەکەمیەوە، ئەندازیاری بیناسازی مارسێل بیۆدین، دروست کرابوو. ساڵی١٩٦٨ ، بە هۆی دۆستێکیەوە کە پزیشکی برینکار و ئەندامی گرۆیەکی برینکاری بوو و دوای شەڕی شەش رۆژە چووبووە ئیسرائیل، ڤیرا دەستی چوار منداڵە بچکۆلەکەی خۆی گرت، کە تەمەنیان لەنێوان چوار ساڵان و یانزدە ساڵاندا بوو، و بە سەفەرێکی هاتونەهات ڕووی کردە ئیسرائیل، بۆ دۆزینەوەی ڕەگوریشەی جوولەکانەی خۆی .



لە تەمەنی چل ساڵیدا ڤێرا سەعیدپوور دەستی بە خوێندن کرد لە زانستگەی ڤێرمۆنت و، پێشانی دا کە خوێندکارێکی زۆر لێهاتووە و پلەی بەکالۆریۆسی لە کۆمەڵناسیدا وەرگرت و بوو بە ئەندامی فی بێتا کاپپا. دوای ئەوەیش لەسەر خوێندن بەردەوام بوو تا ساڵی١٩٧٣ پلەی ماستەری لە فەلسەفەدا وەرگرت. ئەوسا گواستییەوە بۆ شاری نیوویۆرک و لە کۆلێجی مامۆستایەتیی سەر بە زانستگەی کۆلومبیا دۆکتۆرای لە فێرکردندا وەرگرت .

ساڵی١٩٧٦ ، ڤیرا میردی دووەمی ناسی، هۆمایوون سەعیدپوور، کە کوردێکی خەڵکی شاری سنەی کوردستانی ئێران بوو. پرسیارێکی بێمەبەستی هۆمایوون لەبارەی پێناسەیەکەوە لە فەرهەنگی ئینگلیزیی ئۆکسفۆرددا، کە لەوێدا کورد وەک جەردە و تاڵانکار باس کرابوو، بوو بە هۆی ئەوەی کە ڤیرا لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی نووسی، بە ناونیشانی "بە نەرمی دەیانکوژن،" و ئۆکسفۆرد و فەرهەنگە گرنگەکانی دیکەی ناچار کرد پێناسەکانیان لەبارەی ئەو وشەیەوە بگۆڕن .

ساڵی ١٩٨١ ، دوای مردنی هۆمایوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی خوێن، دۆکتۆر سەعیدپوور بە شێوەیەکی جیددی و دلسۆزانە دەستی کرد بەڕێ‌کارە کوردانەکان"ی خۆی. پرۆگرامی کوردیی بە سەرپەرشتیی "کەلچراڵ سۆرڤایڤەل،" کە بڵاوکراوەیەکی بەشی ئەنترۆپۆلۆگیی سەر بە زانستگەی هارڤارد بوو، دامەزراند. ئامانجی ئەو پرۆگرامە ئەوە بوو ئاگاداری لەبارەی فەرهەنگی کوردەوە پەرە پێ بدات و لە نووسینگەیەکی میدتاونەوە بڵاو دەکرایەوە .

دۆکتۆر سەعیدپوور لە ساڵی١٩٨٦ دا کتێبخانەی کوردیی دامەزراند، کە یەکەمین کتێبخانەی کوردی بوو لە ڕۆژاوادا، لە نشیمەنی خانوویەکی بەرزاییەکانی بروکلاین. ساڵی ١٩٨٨ یش مۆزەخانەی کوردیی دامەزراند. ڕاوێژکارانی ڕێکخراوەکە کەسانی وەک وەرگری خەڵاتی نۆبێل ئێلی ڤیسەل و سێناتۆر تێد کەنەدی بوون .

پێش شەڕی یەکەمی کەنداو، کە بوو بە هۆی ئەوەی خەڵکی ئەمەریکا لە مەسەلەی کورد ئاگادار بن، دۆکتۆر سەعیدپوور، بەڕێز جەلال تاڵەبانیی سەرکۆماری ئێستای عیراقی گەیاندە زانستگە گەورەکان بۆ پێشکەشکردنی ئاخاوتن و بردی بۆ واشینگتۆن تا چاوی بە سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەگەران بکەوێت .

نامەکانی دۆکتۆر سەعیدپوور بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەی "نیوویۆرک تایمز "گەلێ جار بڵاو دەکرانەوە. ماوەیەک لەمەوپێش وتارێک لەبارەی کتێبخانەی کوردییەوە لە رۆژنامەی "تایمز"دا بڵاو کرایەوە بە ناونیشانی "کە ماڵ دەبێتە پەناگەیەکی فەرهەنگی." ڤیرا سەعیدپوور گۆڤاری زانستیی "گۆڤاری نێونەتەوەیی لێکۆڵینەوەی کوردی The " (International Journal of Kurdish Studies و وەرزنامەی" ژیانی کوردی(Kurdish Life) "ی بڵاو دەکردەوە، کە بەشێکن لە گەنجینەی فەرهەنگیی کتێبخانەی زانستگە گەورەکانی جیهان، لەوانەیش زانستگەی هارڤارد و زانستگەکەی خۆی کۆلومبیا .

دۆکتۆر سەعیدپوور دوای خۆی برایەک) ماکس فاین) و پێنج منداڵ (مارک، پاوڵ، ڕێبێککا، ئادەم و جێب) و دوو نەوە (جۆنا و ئارۆن)ی بە جێ هێشتووە .

ڕۆژی یەکشەممەی ٣٠ی مای ٢٠١٠ لە باکووری هەرێمی نیوویۆرک، کە تازە لە برووکلاینەوە باری کردبووە ئەوێ، کۆچی دوایی کرد .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە

# مێژوو، ئێستا و داهاتووی زمانی کوردی




نووسینی : سەنگەر

زۆربەی لە زۆری بیرمەندانی زمان و فەرهەنگ بەو بڕوایەن کە زمانی دایکی لە سەرەکیترین فاکتەرەکانی هۆوییەت و کەرامەتی ئینسانی مرۆڤە، و بەرگریکردن بە شێوەی رەسمی و نیوەڕەسمی لە فێربوونی زمانی زگماکی مرۆڤەکان دەبێتە هۆی بەدیهاتنی «جینۆسایدی فەرهەنگی» ئەو مرۆڤانە.

زمانی کوردی کە لە چەند وڵاتدا زمانی دووەمی ئەو وڵاتانەیە و هاوکات لە هەمووی وڵاتەکانیدا خەریکی جینۆساید کردنی ئەو زمانەن. زمانی کوردی ئەمڕۆکە پاشماوەی زمانێکی کۆنە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی جیهاندا. مەلەکوشوعەرای بەهار لە کتێبی «سبک شناسی» خۆیدا نووسیویە: تاقمێک لە پسپۆڕان بەو ڕایەن گاتەی زەرتەشت بە زمانی مادی نووسراوە و تاقمێکیش دەڵێن زمانی کوردی کە لقێکە لە زمانە ئێرانیەکان پاشماوەی زمانی مادییە.

گزنفۆن ٤٠٠ ساڵی پێش زایین لە کتێبی» بازگشت دە هەزار یوونانیدا» لە گەلی کورد و زمانی ئاخافتنیان ناوی بردووە و هاوکات لە کەتیبەکانی پاشاکانی ئاشووریدا لە خەڵکی «کوردۆ» ناو براوە.

تەبەری و ئێستەخریش باسیان لەسەر کوردۆ کردووە.

مینۆرسکی بەو ڕایەیە کە هەمووی زاراوەکانی کوردی لە زمانی پێوەری مادی سەرچاوەی گرتووە.

جیئیدمۆنز دەڵێ: بە پێی زانستە زمانەوانیی و جوغرافیاییەکان دەتوانین بڵێین زمانی کوردی نوێنەری زمانی مادی و سێهەمین دەسەڵاتی گەورەی رۆژهەڵاتە.

هەروەک هەموانیش دەزانین یەکێ لە ئەو فاکتەرانەی کە مێژووی زمان دەردەخات ئەدەبی ئەو زمانەیە جا چ ئەدەبی نووسراوە و چ ئەدەبی شەفایی. زمانی کوردی لە ئەدەبی شەفاییدا یەکێ لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی دنیایە و کێشی خۆماڵی هیجایی (برگەیی) بۆ ئەدەبی نووسراوەی ئەم زمانە، هێزوپێزی مێژووی زمانەکەمان بۆ دەردەخات. دیارە زمانی ئەدەبی کوردی لە مێژوودا بۆ خۆی رێ و رێبازی تایبەتی بووە و چاوی بە دەستی گەلانیترەوە نەبووە.

لە مێژوودا زمانی کوردی بەرهەمی بەرزی داوەتە دەستی زماناسانەوە و لە بەشێک لە مێژوودا ئەم زمانە زمانی پێوەر بووە وەک سەردەمی مادەکان کە زمانی کوردی زمانێکی سیاسی دەوڵەتی ئەو سەردەمە بووە و لە رۆژهەڵاتی جیهاندا یەکێ لە زمانە گرینگەکان هەر خۆی بووە.

هەروەها لە بواری ئایینیشەوە لە مێژوودا ئەم زمان بەرهەمی خوڵقاندووە و داویەتیە دەستی خوێنەرەکانیەوە وەک بەشی گاتاکانی ئاوێستا و باسی ئەدەبیاتی ئایینی یارسان. ئیتر گۆرانیە رازاوە پڕمانا مێژووییە کوردییەکان باسی جیاوازی دەوێ.

زمانی کوردی بەهۆی چەند هۆکاری جیاوازجیاواز و پاش دەسەڵاتی مادی تا نزیکی مردنی زمان چوو. بەڵام سپاس بۆ هەوڵی شاعیرانی کۆنی کورد وەک: خانی و جەزیری و بێسارانی و سەیدی و خانای قوبادی و نالی و مەولەوی، زمانی کوردی و چەرخەکانی زانستیانەی دووبارە کەوتەوە گەڕ و هێزوپێزێکی تایبەتی وەخۆ گرتەوە، بەتایبەت شاکارانێ وەکوو مەم و زین خانی ـ خەسرەو و شیرین خانای قوبادی، زمانی کوردیان بەرەو ئاسۆی خۆی نزیک کردەوە. هەوڵ و تێکۆشانی ئەدیب و شاعیرانی کورد دەورێکی گرینگی لەسەر زمانی زگماکی کوردی داناوە و هەر ئەو هەوڵ و تێکۆشانانە بوو کە بوو بەهۆی پەرەسەندنی زمانی کوردییەوە. لە ئێستای زمانی کوردیدا و بەهۆی ئەوەی کورد بێ دەست بووە و ئیزن نەدراوە زمانەکەی پەرە پێ بدات لە ناوچەی خۆیدا و بۆیە رووی کردۆتە وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا و ئێستا کە دەبینی کورد لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا جەماوەرێکی زۆریان وەخۆ گرتووە، وەک لە وڵاتانی: سوید، سویسرا، نەمسا، ئەمریکا، ئەڵمانیا، فەرەنسە و ئینگلیز و...، هۆی ئەم پەنابەریەش یان هۆکارێکی ئیشیەیان سیاسی. کورد لە وڵاتی خۆی وەکوو شارومەندێکی پلەی دوو سەیری ئەکرێ و هەر ئەمە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی NGO گەلێکی کوردییەوە و بە دەرکردنی گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکردنەوەی بەرنامەی رادیۆ و تەلەفیزیۆنی بە دوو زمانی کوردی و زمانی ئەو وڵاتەی کە کوردی وەخۆ گرتووە بووەتە هۆی ئەوەی کە پسپۆڕانی گەلانیتر لە کورد و زمان و مافی زۆرتر تێبگەن و تا ئەو رادەیەش کە زمانی کوردی لەم چەند مانگەی پێشوودا کۆدی خوارد و وەک هەموو زمانە زیندووەکانی دنیا کۆدی تایبەتی خۆی هەیە هاوکات بەهۆی دەسەڵاتی ئەمڕۆکەی بەشێکی کوردستان، زمانی کوردی خەریکە خۆی بە گەلانی جیهان دەناسێنێت.

ئیتر ئەمڕۆ زمان هەروەکوو زیندەوەرێک بەرەوپێش دەڕوات و دەبێ هەروەک زیندەوەرەکان هەوڵ بدات زیندوو بمێنێ و ناخۆشیەکانی بسڕێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لە ڕابردووی خۆی کەڵک وەربگرێ و ئەزموون وەدەست بهێنێ تاکوو بتوانێ ئەو دەورە بەرز و ئەستوورەی کە هەیبووە وەدەستی بهێنێتەوە جا لێرەدا بە پێویستی دەزانین ئاورێک بدەینەوە سەر بارودۆخی سیاسی زمانی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکان:

۱- کوردستانی عێراق: بە پێچەوانەی ئەو هەموو ئەنفال کردن و جینۆوسایدکردنەی گەلی کورد لە لایەن تاقمی بەعسیەوە، زمانی کوردی لەم ناوچەیە زۆر باشتر و بەپێزتر توانیوە خۆی بدۆزێتەوە و هەر لە چل و پەنجاکانەوە وەکوو بەشێک لە زانستگاکانی بەغدا و هەولێر و سلێمانیدا دانراوە و مامۆستایانێکی زۆری پەروەردە کردووە و ئەوانیش زۆر خزمەتیان بەم زمانە کردووە و پەرەیان داوە و پتەویان کردووە و ئەم رەوتە پاش دەسەڵات پەیداکردنی لایەنە سیاسیە کوردەکان (پارتی، یەکیەتی) لە ساڵی ۱۹۹۰ هێزێکی چەند بەرابەری گرت و زانستگاکان زانستیانەتر بوونەوە و بەتایبەت خوێندن بۆ منداڵان هەر لە سەرەتاوە بوو بە کوردی و ئیتر منداڵی کورد بە زمانی دایکی خۆی لە قوتابخانەدا وانەی پێی گوترا و کوردانی ئەو بەشە هەر خێرا کتێبیان بۆ قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییەکان دانا و ساڵ لە دوای ساڵیش کتێبەکانیان باشتر و ڕازاوەتر کردەوە و کوردستان پاش ساڵانێکی زۆر خۆی بوو بە خاوەنی زمانەکەی خۆی و بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانی دەسەڵات کەوتە دەستی و ئەمە لە دەوری بیست ساڵدایە زمانی کوردی لەو بەشەدا رۆژ لە دوای رۆژ بەرز و بەهێزتر دەبێ. هاوکات هەوڵ و تێکۆشانی چاپخانەکان و شوێنە زانستیەکان و کۆڕی زانیاری کورد لە هەولێریش دەبێ لەبەر چاو بگیردرێ ئەمڕۆ چاپخانەکانی ئاراس، سەردەم، دانسقە و... لە رۆژدا بە دەیان کتێبی کوردی چاپ دەکەن و دەیخەنە ناو کتێبخانە کوردییەکانەوە و بۆ ناوچە کوردنشینەکانیتریش دەنێردرێن.

لە هەمان کاتدا رولی شاعیر و نووسەرە گەورەکانی ئەم دەڤەرەش بۆ زمانی کوردی زۆر لەبەر چاو و دیارە، کەسانێ وەک شێرکۆ ـ سابیر، بەختیار عەلی، هەڵمەت، پەشێو، خەمبار و سەدان نووسەریتر تیشکی ئەم بیرەیان تیژتر کردۆتەوە و وشەی نامۆیان بۆ زمانی کوردی بۆ کورد نەهێشتۆتەوە تا رادەیەک ئەم بەشە لەم ساڵانەدا باش کاری کردووە کە توانی بەهۆی بەرهەمی ئەدەبی بەرز و کتێبی زانستی پڕەوە زمانی کوردی بباتە ریزی بەهێزترین زمانە زیندووەکانی دنیاوە و هاوکات بووەتە شوێنێ بۆ دەربڕینی بیروڕای نووسەر و شاعیر و رووناکبیری ناوچە کوردنشینەکانیتر.

٢- کوردستانی تورکیا: ئەم بەشەمان لە سەردەمی خالیەییەکاندا زۆر بەهێز و توانا بوو و هاوکات توانی بە جوانی لەسەر زمانیش کاریگەری هەبێ و زمانی کوردی لەو دەمانەدا و بە بۆنەی ئەدەبیات و زانستی بەرزی ئەدیبان و زانایانەوە توانی تەنانەت شاکاری ئەدەبی کوردیش بخوڵقێنێ و شاکارێ کە وەک شانامەی فیردەوسی و ئۆدیسەی هۆمەر دەمێنێتەوە (مەم و زین). بەڵام دوایی وردەوردە ئەم بەشەمان کەم هێز دەبێتەوە و پاش دەسەڵاتی کەماڵ ئەتاتورک کورد زۆر لاواز دەکرێتەوە و بە ناوی، تورکی کێوی ناویان لێ دەبرێ و بایەخ بە کولتوور و زمانیان نادرێ و کزی و لاوازی زمان دەگاتە ئەو پەڕی خۆی، بەڵام پاش چەند شۆڕشی مەزنی کوردی لەوێ وردەوردە کوردەکان هەستیان بە دەوری بەرزی زمان کرد و داواکاری و ویستیان بوو بە ئەوەی تا دەوڵەتی تورک بایەخ بدات بە زمانیان وەک مافێکی مرۆڤانە، دەستەی تورکیش لەم چەند ساڵەدا و بەهۆی گوشاری یەکیەتی ئەورووپاوە کە تورکیا دەیەویست بڕواتە ناو ئەو جەرگەوە بایەخی زۆرتر درا بە زمانی کوردی و لە زانستگاکانی تورکیادا زمانی کوردی وەکوو بەشێک بۆ خوێندکاران کرایەوە و تا رادەیەکی زۆریش بۆ تورکەکان باش بوو و دەسەڵاتدارانی تورکیش دانیان بەو خێر و بەهرەیە دانا کە پەرەدان بە زمانی کوردی چەندەیانی یارمەتی داوە و ئێستاش زمانی کوردی لەو بەشەدا رۆژ لەدوای رۆژ بەهێزتر دەبێ و خۆی دەنوێنێ و بە سەدان گۆڤاری کوردیش لەوێ دەردەچێ و پاڵپشتی دەکەن لەو حەرەکەتەی زمان و گەشەدارتری دەکەن. بەشی پەرەی زمانی لە کوردستانی تورکیا لەم سەردەمەدا زۆر باش بەرەوپێش چووە و پاش کوردستانی عێراق لە پلەی دووەم دایە.

٣- کوردستانی ئێران: ئەگەرچی زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە هیند و ئێرانیەکان و کولتوور و فەرهەنگ و زمانی کوردی لەسەر بنچینە و بنەڕەتی کولتوور و فەرهەنگ و زمانە ئێرانیەکان کاریگەری زۆری هەبووە و وەک گوتمان سەردەمێک ئەم زمانە لە ئێراندا زمانی پێوەر و میعیاری ئێران بووە و دەبوای ئێران لە هەنووکەدا ناوەندی پەرەی زمانی کوردی بوایە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی لە قانوونی ئەساسیدا بە چرۆپڕی ئاماژە کراوە بەوەی کە دەبێ هەر نەتەوەیەک لە سەرەتاوە بە زمانی زگماکی خۆی بخوێنێ و بنووسێ بەڵام بەداخەوە جگە لەوەی ئیزن نەدراوە لە سەرەتاوە بخوێندرێ و تازە پارلەمانیش کە لە سەردەمی دەسەڵاتی خاتەمیدا دەنگی دا بەوەی تا زمانی کوردی لە زانستگای کوردستاندابمەزرێت بەڵام بەداخەوە هیچ کارێ نەکرا. هاوکات رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانیش یەک لە دوای یەک بەستران و ئیزنیان پەیدا نەکرد خۆ بنوێنن و تەنانەت ئەو کتێبانەش کە پێشتر ئیزنیان پەیدا کردبوو چاپ ببن ئیزنی چاپی دووبارەیان پێی نەدرایەوە و لەڕاستیدا ئەم مافەی کوردیش جارێکیتر لە بیرەوە چوو، دەبێ بوترێ وەنەبێ لە سەردەمی پالەویدا بارووذۆخی زمانی کوردی باشتر بووبێ، لەو سەردەمەدا تەنانەت کەس حەقی نەبوو کتێبی کوردیش بخوێنێ، هەر ئەوەندەش ئینتیزار دەڕۆیشت لەو دەسەڵاتە دیکتاتۆریەی سیستەمی پاشایەتیە بەڵام لەم چاخەدا کە کۆماری ئیسلامی ئێران نوێنەر و ئاڵاهەڵگری ئایین و مرۆڤایەتیە چاوەڕوانی زۆر نزیک هەیە لە بەرپرسان.

کورد لە هەرکوێ جیهاندا بێت رێز و حورمەتێکی بەرزی بۆ ئاو و خاک و هەرێمی ئێران هەیە و لە چاخەکانی مێژووشدا ئەم وەفادارییەی سەلماندووە و پاراستنی سنوورەکانی ئێران هەر وەئەستۆی کوردەوە بووە. جا ئێمەی کوردیش لە هەر بەشێکی ئەم جیهانە خڕوپان و بەرینەدا بین لە هەر وڵاتێکیتری دنیا زۆرتر چاوەڕوانی گەورەیێکین کە لە ئێرانەوە وەدەستی بهێنین.

٤- کوردستانی سووریا: ئای لەو کوردە بێچارانە، بە دەستی تاقمی بەعسی سووریاوە چەندە ئازار دەبینن و چەندە گیروگرفتی ژیانیان هەیە، ئەم کوردانەی کە تەنانەت نابێ لە ناو پێناسەکانیاندا باسی کوردبوونیان بکرێ و کەسێ ئەگەر باوەڕی بە کوردبوون بوو ناتوانێ پێناسەی هەبێ و چ بگات بەوەی بتوانێ زمانی خۆی پەرەپێبدات و وەک وانە لە قوتابخانە و زانستگاکاندا بیخوێنێ. دەبێ ڕابگەیەندرێت بە پێچەوانەی ئەو گیروگرفتانەوە، لایەن و حیزبەکوردییەکانی سووریا هەوڵی زۆریان بۆ پەرەی زمانی کوردی داوە و زۆریش سەرکەوتوو بوون و تاقمی سووریش دەبێ رۆژێ لە رێ ناچارییەوە دان بە مافی کورد دابنێن.

٥، کوردەکانی دانیشتووی وڵاتانیتر: ئەم کوردانەش لەبەر ئەوەی زۆرتر لە وڵاتی پێشکەوتوو دان زۆربە باش و بێ غەدر زمانی کوردیان پەرە داوە و تەنانەت ئەو وڵاتانە لە زانستگاکانیاندا بەشی کوردیان هەیە وەک کانادا، ئینگلیز، ئەمریکا و فەڕەنسە و...

## زمانی کوردی لەبەردەم فەرهەنگی جیهاندا:

ئەمڕۆ ئیتر زمانی کوردی زمانێکی نێونەتەوەییە و هەمووی گەلانی ئازادیخوازی جیهان دەیناسن و ریزی دەگرن و بەرهەمە ئەدەبیەکانی بە چرۆپڕی دەخوێننەوە لە فستیواڵ و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا یادی دەکەن و خەڵات دەدەن بە خاوەن بەرهەمە کوردییەکان و کە زمانێکیش کۆدی نێونەتەوەیی خوارد هیچ هێزێک ناتوانێ بیمرێنێت و هەر نەتەوەیەکیش بیەوێ سووکایەتی پێ بکات تەنیا خۆی سووک دەبێ و کارەکەی پێچەوانەی بیرەکەی دەبێتەوە و خۆی دەباتە ناو گێجاوێکی نالەباری غەدر لە خۆوە، لەم سەردەمەدا هیچ نەتەوەیەک حەزی لێ نیە غەدر لە زمانی نەتەوەیەکیتر بکات، تەنیا تاقمێکی کەمی دەسەڵاتدارانن لەسەر ئەم باوەڕەن و خۆشیان دەزانن بیروباوەڕەکەیان لەسەر ئاو بنیان ناوە و ناتوانن سەرکەوتوو بن.

باس لەسەر زمانی کوردی کاری زۆری دەوێ و تاقمێ گیروگرفتمان هێنایەوە و هەر زمانێک هەم گیروگرفتی ناوەکی و هەم گیروگرفتی دەرەکی هەیە کە ئێمە لێرەدا تەنیا دەستمان نایە سەر چەند گیروگرفتی دەرەکیەوە و بەس هیوادارم دەسەڵاتداران لە پارچەکانی کوردستاندا کارێکی وەها بکەن کە ئێمەی کورد بۆ زمانی زگماکیمان تەنیا گیروگرفتی ناوەکیمان هەبێ و بەس ئەوان چ بیانەوێ و چ نەیانەوێ هەروا دەبێ

سەرچاوە ماڵپەڕی هەڵبەست



# هیچ گوڵێک بۆن و ڕەنگ و جوانی دایکی نیٚ یە

ئارنست همینگوی



## دایە گیان

گەر تۆ نەبیٚ لە دنیا دا منیش نابم
تەنیا ساتی گەرلێم وەنبیٚ ئۆقرە ناگرم
هەر ئەتۆ بوویت خەندەت خستە سەرلێوانم
ئێستاش هەر تۆی فرمێسکت کرد بە میوانم
دایە گیان چون ئارام بم دوور لە باوەشی هێمنی تۆ
چون ئاشنابم بە باوەشێک سۆزی نەبیٚ وەک سۆزی تۆ
خۆزگە تەمەن ڕێگەی نەدا بۆ دواین جار لە باوەشت
تێر تێر بۆنی ڕۆحتم کردبا
بەڵام خۆزگەم لە گەڵ خۆزگەت بوون بە هاوڕێ
تا هەتایە لە ژێر گڵ دا



# منداڵان



## مارمێلکەو مێشوولە

نووسینی / حاتەم باتاسی



جارێکیان مارمێلکەیەک بەلێواری دیوارێکەوە بوو لەپڕ مێشوولەیەکی بینی، هێدی.. هێدی.. خۆی لێ نزیک دەکردەوە. بەڵام مێشوولەکە زوو بە باڵەکانی چەند هەنگاوێک هەڵفڕیو ئینجا وتی:- وا دیارە دەتەوێت پەلامارم بدەیت هەی دڕندە،تۆ بەو هەموو هۆشەی خۆت وا دەزانیت من باڵدارێکی ئەوەندە هەژارو بێ ئاگامە تا بەئاسانی راوم بکەیتو بمکەیتە ژەمە خۆراکی خۆت.. مارمێلکە وتی:- تا ئێستا چەندەهای وەک تۆم بە هەر شێوازێک بێت کردۆتە ژەمە خۆراکی خۆم. مێشوولە وتی:- بەڵام بەئاسانی نا، دوای ماندوو بوونێکی زۆر بە هەزارەها حاڵ تا ئەمەت بە ئەنجام گەیاندووە .



مارمێلکە وتی:- راستە ژیان تا ئامانجەکانی ئەپێکی هیلاکیو ئازاری زۆری دەوێت. ئینجا مێشوولە وتی:- تۆ زیندەوەرێکی زۆر پیسکەی تەنانەت مرۆڤ ناوی ناوە لێت" پیس پیسۆک"، وە هەروەکو من ناتوانیت هەمیشە لەناو ماڵیان ژیان بەسەر بەریتو هەمیشە لەسەر هەموو جۆرە خۆراکو هەروەها پەنجەو دەمو چاوەکانیان بنیشیتەوەو دڵنیابە تەنانەت یەک جاریش ئەوەتان لێ قبوڵ ناکەن، بەڵام من رۆژانە بەئارەزووی خۆم بۆ چەندەها جار لەسەر هەموو خۆراکو لاشەیان دەنیشمەوە، مەگەر پێم بڵێن لاچۆ ئەگینا وا بەئاسانی ناتوانن پەلامارێشم بدەن .

مارمێلکە وتی:- راست دەکەی بەڵام ئەوەش بزانە بەهۆی ئەوەی تۆ لەسەر پاشماوەکانی پیسی مرۆڤو شتی تری پیس دەنیشیتەوە کە ئەمەش ئەبێتە هۆکارێک بۆ هەڵگرتنی میکرۆبی زیانبەخش دوای ئەمەش لەسەر خواردنی پاکی مرۆڤ ئەنیشیتەوەو ئینجا لەسەر دەستو پەنجەو دەمو چاوو پێیان ئەنیشیتەوە تا ئەو میکرۆبانە بۆ نێو لەشیان ئەگوازیتەوەو تووشی چەندەها نەخۆشی ترسناکیان ئەکەیت، بۆیە مرۆڤ هەمیشە رقی لێتەو هەوڵی لەناو بردنتی داوە ..

مێشوولە وتی:- ئێمە وا بەئاسانی بە پەلاماردانی مرۆڤ لەناو ناچین مەگەر بەشێوازی جۆراوجۆر پیلانمان بۆ دارێژن وەک لەژوورێکی خۆیان هەوامان لێ پیس بکەن یا لە هەر شوێنێکی تر ژەهر خواردمان بکەن .

مارمێلکە وتی:- بەسە، لەمە زیاتر بەشانو باڵی خۆتتدا هەڵا مەڵێو لە بەرامبەر مرۆڤ خۆت بە پاڵەوان دامەنێ، تۆ باڵدارێکی بێ هێزیو تەنانەت بەیەک شەق مرۆڤ دەتوانێ لەناوت ببات . مێشوولە وتی:- تۆش کەیفت بەخۆت نەهێت زیندەوەرێکی زۆر پیس پیسۆکیو مرۆڤ هەمیشە قێزو رقی لێتەو هەر بۆیەشە هەوڵی لەناوبردنی تۆشیان داوە .

مارمێلکە وتی:- من هەوڵم داوە هەرگیز لەناو ماڵیان نەژیم، وەک تۆ ئازاریان پێ نەگەینم، لەسەر دەستو پەنجەو دەمو چاوو پێیەکانیان نەنیشمەوە، جگە لەمە من هەندێ سوودم بۆ مرۆڤیش هەیە ئەویش راونانو لەناوبردنی چەندەها مێشوولەی وەک تۆو زیندەوەری بچووکی تر کە ئەبنە جێگای مەترسی بۆ سەر باری تەندروستی مرۆڤ .

مێشوولە وتی:- کەواتە مرۆڤ تەنانەت لە بەرامبەر تۆش بێ وەفایە ئەی بۆ هەوڵی لەناوبردنت ئەدات!

مارمێلکە وتی:- لەمەیان راست دەکەیت تەنانەت منداڵەکانیشیان وا پەروەردە کردووە هەمیشە پەلامارم بدەن، بەڵام من ئەو هەموو زیندەوەرە بچووکانە کە زیانبەخشن بۆ خاتری ئەوان راونانێم بەڵکو بۆ خاتری بەرژەوەندی خۆمو دەستە بەرکردنی بژێوی ژیانی خۆمە .

..هەرچۆنێ بێت ئەگەر بۆ بەرژەوەندی خۆشم بێت ئەمە رەنگدانەوەی چاکو پڕ سوودی هەیە بۆ مرۆڤ هەق وانیە من وەکو ئێوەی مێشوولە لەناو ببەن .

کەواتە منداڵە خۆشەویستەکان.. لەم چیرۆکەدا ئەوەتان بۆ روون دەبێتەوە تا بزانن لە مارمێلکەو مێشوولە کامەیان زیانبەخشە بۆ ئەوەی خۆمانی لێ بپارێزینو کامەیان هەندێ سوودی بۆمان هەیە ئەوەندە پەلاماریان نەدەین

## ئاڵای کوردستان





ئەی منداڵینە ئەی منداڵینە   ئێمەش خاوەن ئاڵاینە
ئاڵای کورد شەکاوەیە   بەچوار ڕەنگ ڕازاوەیە
دەی بزانن هەمووتان   ڕەنگەکانی بەواتان
لێی بنۆڕن بەوردی   کەتیشکی خۆرە زەردی
چ جوانێکە بەو شێوە   بیستو یەک تیشکی پێوە
لەبۆ نەورۆز نیشانەیە   کەجەژنی کۆنی ئێمەیە
سپی ئاشتی کوردانە   سوور خوێنی شەهیدانە
هێمای سروشتە سەوز   ئاڵایەکە هەر بەرز
لەجوانی ئەو ئاڵایە   وولات ئاڵاو واڵایە.

هۆنراوەی / حاتەم باتاسی




## سوودەکانی هەنگوێن

ئارێز ئەحمەد.. تایبەتمەندی و مادەکانی ناو هەنگوێن بریتین لە: مادەبەسوودەکانی وەک: پیتاسیۆم و کەلسیۆم و ئاسن و فوسفات و مەنیزیۆم. ڤیتامینەکانی B1 و B6 و B5و Cو مادە شەکرییەکانی وەک گلۆکز و فرۆکتوز.



**سوودەکانی هەنگوێن بریتین لە :**

١- یارمەتیدەری خانەکانەکانی لەشە بۆ تیمارکردنی برینەکان.

٢- بەرگری لە رزینی قژ دەکات.

٣- پێکهاتی دارچین و هەنگوێن وزەبەخش و بەسوودە بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤ.

٤-هەنگوێن دەبێتەهۆی دابەزینی رێژەی کلۆسترۆڵی خوێن و ئەمەش مرۆڤ لە تووشبون بە پاڵپەپەستۆی خوێن دەپارێزێت.

٥-هەنگوێن و دارچین دەرمانێکی بەسوودن بۆ نەخۆشی سەرئێشە.

٦- یەکێک لە سوودەکانی گرنگی هەنگوێن چارەسەری کێشەی ئازاری گەدەیە.

٧- خواردنی بەردەوامی هەنگوێن لە بەیانیان چەورییەکانی دەورووبەری دڵ لەنێو دەبات و دڵی مرۆڤ دەپارێزێت.

٨- هەنگوێن سیستەمی پاراستنی لەشی مرۆڤ بەهێز دەکات.

٩- یەکێکیتر لە سوودەکانی هەنگوێن لەنێوبژدنی هەوکردنی پێستە.

١٠- کارناسان پێیانوایە هەنگوێن دەبێتەهۆی دابەزینی کێشی لەش و قەڵەوەکان دەبێ لە بەرنامەی خۆراکیاندا لە هەنگوێن سوود وەربگرن.

## ماسی و زەیتۆن بەرگری لە ئێسک دەکەن



لە ئەنجامی لێکۆلینەوەیەکی تازەی زانستیدا دەرکەوتووە ، کە خواردنی ماسی و زەیتی زەیتۆن یارمەتی پاراستنی ئێسکی ئافرەتان دەدات .


لێکۆلینەوەکە کە لە زانکۆی ئەسینا لە یونان ئەنجام دراوە ، ئاماژە بەوەدەکات کە پابەندبوون بە سیستەمی خۆراکی ، وەکۆ ئەو سیستەمە خۆراکیەی ولاتانی دەوروبەری دەریای ناوەڕاست بەکاری دەهێنن ، کە ئەویش بریتی یە لە زۆر خواردنی ماسی و زەیتی زەیتۆن و کەمکردنەوەی بەکارهێنانی گۆشتی سوور ، سوودێکی گەورە بە ئێسکی ئافرەت دەبەخشێت .

بە پێی وتەی توێژەران خواردنی بەردەوامی زەیتی زەیتۆن لەگەڵ ژەمە خوارکی رۆژانەدا ، رۆلێکی گرنگ دەبینێت لە پاراستنی ئێسکی جەستەی ئافرەت بە درێژای تەمەن .

هەروەها هەندێ خواردنی شلی پێکهاتوو بە مادەی کالسیۆم و فۆسفۆر ، وەکۆ شیرو پێکهاتەکانی بەرگری لە ئێسک دەکەن و رێگەش لە شکانی ئێسک دەگرێت .

لەکۆتایدا توێژەران ئامۆژگاری خەلک دەکەن ، کە لە ژەمە خۆراکی رۆژانەدا گرنگی بە سیستەمی خۆراکی تەندروست و دەولەمەند بە کالسیۆم و فۆسفۆر بدەن ، بۆئەوی پارێزگاری لە سەلامەتی ئێسک بکات .

## کەمی ڤیتامین "D" مەترسی تووشبوون بە نەخۆشی سییەکان لەلای منداڵ بەرزدەکاتەوە




لێکۆلینەوەیەکی تازەی هولەندی ئاشکرای کردووە ، کە ئەو منداڵانەی تازە لەدایک دەبن و بەدەست کەمی ئاستی ڤیتامین "D" دەنالێنن ، ئەوا بە رێژەی شەش جار زیاتر تووشی مەترسی نەخۆشی سییەکان دەبنەوە .

توشبوون بە ڤایرۆسی سییەکان یەکێکە لەو هۆکارانە کە هەرەشە لە تەندروستی منداڵ و کۆئەندامی هەناسە دەکات لە ماوەی ١٢ مانگی یەکەمی ژیانیدا ، وە ئەمەش زیاتر تووشی هەوکردنی سییەکان دەکات .

توێژەرانی هولەندی لە زانکۆی ئەمستردام ئاماژەیان بەوەداوە ، کە کەمی ئاستی ڤیتامین "D" بە درێژای سالآن یەکەمین هۆکارە بە تووشکردنی منداڵ بە مەترسی نەخۆشیەکانی پەیوەست بە کۆئەندامی بەرگریەوە .

بە پێی سەرژمێری لێکۆلینەوەکە ، نزیکەی چواریەکی منداڵانی تازە لەدایکبوو لە هولەندا بەدەست کەمی ئاستی ڤیتامین "D"یەوە دەنالێنن لەناو خوێنیاندا ، لەماوەی ساڵی یەکەمدا ، بەمەش بەرێژی شەش جار زیاتر تووشی ئەو ڤایرۆسە دەبنەوە کە هۆکارە بە تووشبوون بە نەخۆشی سییەکان و کۆئەندامی هەناسە .

جێی باسە ڤیتامین "D"بەشێوەیەکی فراوان لە میوەو خەزرەوات دا هەیە ، وە راهێنانی وەرزشی و وازهێنان لە جگەرەو تیشکی خۆر سەرچاوەی سەرەکی پێدانی ئەم ڤیتامینەن بە جەستە هەروەها ڤیتامین "D" رێگە لە هەندێ جۆری شێرپەنجەو نەخۆشیەکانی دڵ و هەوکردنی جۆمگەکان و شەکرە دەگرێت . لەیەلاکی تریشەوە سەرچاوەیەکی سەرەکیە بۆ بەهێزکردنی ئێسک

سەرچاوە: کوردستان تی ڤی



# وتەی زانایان







خاوەنی ڕەوشت و ئەخلاقی پاک ڕۆحی کۆمەڵگەی خۆیانن.

عەشق و خۆشەویستی باشترین دەرمانە.

ڕاستگۆیی باشترین سیاسەتە.

بەردەوام لەدووای فێربوون بە.

عەقل شتێکی ترە و قوتابخانە شتێکی تر.

پشیلە ئەگەر کوێریش بێت هەر بەدوای مشک دا دەگەڕێت.

بۆ ئەوی بتونین دەبێ بزانین وە بۆ ئەوەی بزانین دەبێ بخوێنین کە واتە دابخوینین تا بتوانین.





بەردی گەورە بە مانای نەهاوێشتنە.

هەرچی زۆرتر بیر لە ڕابردوو بکەینەوە داهاتوویێکی باش مان دەبیت.


کەس لە بێ دەنگی پەشیمان نەبۆتەوە بەلام زۆرن ئەوانەی کە لە زۆر بلەیی پەشیمان بوونەتەوە.

بۆ سەفەری ڕێگای هەزار کیلۆمەتری هەم دەبێ هەنگاوی یەکەم هەلبگیرێت.

کاتێک لەدایک دەبی هەموو پیدەکەنن تەنها تۆ دەگرییێ ،
لەدنیادا بە جۆرێک بژی کە کاتێک ڕۆیشتی هەموو بگرین و تەنها تۆ پیبکەنی.

مرۆڤی زانا و ژیر بەدوای شتێکدا ناگەڕێت کە نەییێتە دی.





بە نەرمی و ئارامی سەرکەوتن خێراتر و بەهێزترە.

شاد بن بە سەرکەووتنی خەلکی دیکە چونکە سەرکەوتن بۆ هەموو کەسێک هەیە.

تەنها سەرەتای هاوڕێ پەیدا کردن ئەوەیە کە سەرەتا خۆمان دۆستایەتی دەرببڕین.

نهێنی سەرکەوتن لە خۆراگری دایە.

پشوو دریژی و ئومێد دوو هۆکاری سەرکەوتنن.

ئەگەر لە یەکەمین هەنگاو دا سەرکەوتنمان بە دەست بهێنایە ، هەوڵ و کۆشش ئیتر هیچ واتایەکی بۆ نەدەما.


لیبوردەیی کلیلی شادی و بەختەوەرییە.



# پەندی پێشینان







ڕووبەڕوو دەبی لەگەڵ ژینی تاڵ
چونکی بە خەیاڵ کەس نەبووە بە ماڵ

شوێن بۆ سەر پیشەی خۆی دەچێتەوە
گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە

نانێ ڕۆژ پەیدا بکە و نانێ شەو
هەڵمەگرە هەرگیز منەت لەم و لەو

وا مەشهورە شوان هەتا بخەوێ
مەڕەکەی زیاتر لێ دورر ئەوەوێ

ئەو ڕۆژە هەر دێ سەرکەوی لە کەل
بەو مەرجە بەجێ نەمێنی لە گەل

سەرباری خەڵکە تەنبەڵی بێخێر
دەستی ماندووە لەسەر زگی تێر

مریشک بۆخۆی وەسەر نەکا خۆڵ
ناکری بە سەریا بە هیچ شان و قۆڵ

ژووشک بە فەخری خۆی دەڵی ڕۆڵە
بێچووی کێ بەقەت تۆ نەرم و نۆڵە

چکۆلەترین کردەوەی ئینسان
لە سەد قسەی زل باشترە دیسان

بۆ ئیشی بچوک، قەت تێمەکۆشە
گۆم هەتا قووڵ بێ بۆ مەلە خۆشە

ئەگەر قسەی حەق لە من دەپرسی
تێر ئاگای نییە هەرگیز لە برسی

بەو کەسە دەڵێن عاقڵ و وشیار
دو جار لە جێیەک پێوەی نەدا مار

ئاوری بن کایە، بۆسۆی لێنایە
دزی خۆماڵی لە گرتن نایە

ئەگەر بکەویە بەر هەڵمەتی شێر
قەت پەنا نەبەی بۆ ڕێوی بێخێر

لەلایەن: دیلان

# رۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی بانەمەڕ ( ئاوریل و مەی)




| | | |
|---|---|---|
| ٥٥ | ٢١ی ئاوریلی ١٨٩٨ | بڵاوبوونەوەی یەکەمین گۆڤاری کوردی ،کوردستان لە قاهیرە. |
| ٥٦ | ٢١ی ئاوریلی ١٨٩٨ | رۆژی رۆژنامە نووسی کوردی. |
| ٥٧ | ٢٢ی ئاوریلی ١٨٩٨ | بڵاوبوونەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان لە شاری قاهیرە لەلایەن میقداد مەدحەت بەدرخان.سەرجەم ٣١ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. |
| ٥٨ | ٢٢ی ئاوریلی ٢٠٠٣ | سەردان و دیداری جەی گارنیر یەکەم سەرۆکی دەسەڵاتی هاوپەیمان بۆ باشووری کوردستان. |
| ٥٩ | ٢٢ی ئاوریلی ٢٠٠٤ | پێک هاتنی ڤیستیڤاڵی بەدرخان لە شاری سلێمانی. |
| ٦٠ | ٢٣ی ئاوریلی ١٩٩٩ | دامەزرانی یەکەم کانالی ئاسمانی کورد ماد تی ڤی(MAD TV) سەربە پارتی کرێکارانی کوردستان. |
| ٦١ | ٢٣ی ئاوریلی ١٩٤٦ | پەیمانی دۆستایەتی و هاوکاری لە نێوان دوو حکومەتی کوردستان و ئازەربایجان لە لایەن دوو هەئیەتی رەسمی بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی و جەعفەری پیشەوەری لە شاری تەورێز ئیمزا کرا. |
| ٦٢ | ٢٣ی ئاوریلی ١٩٢٣ | کۆچی دوایی ئەمین عەلی بەدرخان تێکۆشەر و چالاکوانی سیاسی و دامەزرێنەری رێکخراوی کۆمەڵایەتی کورد.لە وڵاتی میسر. |
| ٦٣ | ٢٣ی ئاوریلی ١٩٢٥ | ماڵئاوایی شێخ عەبدولقادری شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی |
| ٦٤ | ٢٣ی ئاوریلی ١٩٦٢ | کۆچی دوایی نەجمەددین مەلا نووسەری بە توانای کورد. |
| ٦٥ | ٢٤ی ئاوریلی ١٩٩٥ | ماڵئاوایی شێخ محەممەد تەها بالیسانی شاعیری نەتەوەیی کورد. |
| ٦٦ | ٢٤ی ئاوریلی ١٩٧٦ | کۆچی دوایی مەلا شەریف وەرگێر، شاعیری نیشتمانپەروەری کورد لە شاری هەولێر. |
| ٦٧ | ٢٤ی ئاوریلی ١٩٧٤ | بۆمبارانی شاری قەلادزی بەچەکی قودەغەکراونی نێودەوڵەتی لە لایەن حکومەتی بەعسی عێراق. |
| ٦٨ | ٢٤ی ئاوریلی ٢٠١٠ | کۆنفرانسی نەتەوەیی ژنانی کورد لە شاری ئامید لە باکووری کوردستان. |
| ٦٩ | ٢٥ی ئاوریلی ١٩٣٦ | بڵاوبوونەوەی گۆڤاری رووناکی لە شاری هەولێر. |
| ٧٠ | ٢٥ی ئاوریلی ١٩٧٦ | کۆچی دوایی مەلا ئەسعەد مەحوی ناسراو بە (مەحوی) شاعیری ناوداری کورد لە شاری سلێمانی. |
| ٧١ | ٢٥ی ئاوریلی ١٩٩٢ | دامەزراندنی رادیۆ بەشی کوردی دەنگی ئامریکا. |
| ٧٢ | ٢٥ی ئاوریلی ١٩٩٣ | پەسەند کردنی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠) لەلایەن پەرلەمانی هەریمی کوردستان . |
| ٧٣ | ٢٥ی ئاوریلی ١٩٩٣ | پێک هاتنی کابینەی دووەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان . |
| ٧٤ | ٢٥ی ئاوریلی ١٩٩٤ | چاپ و بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گوڵان لە شاری هەولێر. |
| ٧٥ | ٢٦ی ئاوریلی ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی سەلاح محەممەد شاعیر و دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی شار سلێمانی،وەرگێڕی چەندین تێکستی شانۆ بۆ سەرزمانی کوردی،لە شاری سلێمانی. |
| ٧٦ | ٢٦ی ئاوریلی ١٩٣٠ | ماڵئاوایی ئەحمەد تەیموور پاشا کوردی بەهرەمەند لە وڵاتی میسر . |
| ٧٧ | ٢٦ی ئاوریلی ١٩٥٠ | ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی مامۆستایان لە شاری هەولێر. |
| ٧٨ | ٢٦ی ئاوریلی ٢٠٠٥ | بڵاوبوونەوەی ژمارە سفر هەفتەنامەی دەنگ لە شاری هەولێر. |
| ٧٩ | ٢٧ی ئاوریلی ١٩٦٢ | حکوومەتی عێراق لەسەردەمی حوکمی عبدالكريم قاسم مافی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد رەت کردەوە. |
| ٨٠ | ٢٧ی ئاوریلی ١٩٧٩ | کۆچی دوایی سەید محەمەدی حەمیدی نووسەر و روناکبیرێکی سەردەمی کۆماری کوردستان، سەرنوسەری رۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی «حیزبی دیموکراتی کوردستان»، سەرنوسەری گۆڤاری «کوردستان»لە شاری سنە. |
| ٨١ | ٢٧ی ئاوریلی ٢٠١٠ | کۆچی دوایی عوسمان رەحمان(حەسکو)هونەرمەندی ئەکتەری بواری شانۆ و درامای کوردی لە شاری هەولێر. |
| ٨٢ | ٢٨ی ئاوریلی ١٩٧٦ | کۆچی دوایی مەلا شەریف رەنگەریژانی نووسەر،وەرگیرو چالاکوانی سیاسی چەپ لە شاری هەولێر. |

| | | |
|---|---|---|
| ٨٣ | ٢٩ی ئاوریلی ١٩٧٤ | بۆردومان کردنی پردی گەلاڵە لەلایەن رژێمی بەعس و شەهید بوونی ٥٠ هاوڵاتی. |
| ٨٤ | ٣٠ی ئاوریلی ٢٠٠٧ | بەردەباران و کوشتنی کچە کوردی ئیزیدی دوعا خەلیل ئەسوەد بە شێوەیەکی دڵرەقانە و وەحشیانە لە بەعشیقەی باشووری کوردستان. |
| ٨٥ | ٣٠ی ئاوریلی ١٩٤٦ | بۆ یەکەم جار دەزگای رادیۆ کە پێیان دەگوت ئیستاسیۆنی رادیۆ لە رێو رەسمی تایبەت دا بەوتاری پێشەوا قازی محەممەد لە شاری مەهاباد کرایەوە. |
| ١ | ی ماى ١٩٣٥ | سالْح زەکی ساحێب قران بووە پارێزگای شاری سلێمانی. |
| ٢ | ی ماى ١٩٤٥ | دامەزرانی کۆمەڵەی زانستی و هاریکاری کوردان لە باکووری کوردستان لەلایەن نووری دەرسیمی و رەوشەن بەدرخان . |
| ٣ | ی ماى ١٩٥٩ | بلاو بوونەوەی رۆژنامەی ئازادی لە شاری کەرکوک. |
| ٤ | ی ماى ١٩٧٥ | چاپ و بلاوبوونەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری ئەستێرە لە شاری بەغدا لەلایەن بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری کورد. |
| ٥ | ی ماى ١٩٨٣ | شەری براکوژی لە نێوان یەکێەتی نیشتمانی کوردستان و پاسۆک لە چیای قەندیل. |
| ٦ | ی ماى ١٩٨٧ | شیمیاباران کردنی چەند گوندێکی شاری دهۆک لەلایەن رژێمی بەعسی عێراق. |
| ٧ | ی ماى ١٩٩٢ | یەکگرتنی ئالای شۆرش و پارتی زەحمەتکێشانی کوردستان . |
| ٨ | ی ماى ٢٠٠٦ | کۆچی دوایی ئازاد خانەقینی هونەرمەندی تێکۆشەر و شۆرشگیری کورد لە شاری خانەقین لە باشووری کوردستان. |
| ٩ | ی ماى ١٨٨٦ | رۆژی نێونەتەوەیی کرێکاران |
| ١٠ | ی ماى ١٩٩٥ | شەری براکوژی لە نێوان دوو هێزی سەرە کی باشووری کوردستان یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ،یەکگرتوو لە قەلادزی. |
| ١١ | ٢ی ماى ١٩٨٨ | پێک هاتنی بەرەی کوردستانی لەنێوان ٧ حیزب و رێکخراو لە باشووری کوردستان. |
| ١٢ | ٢ی ماى ١٩٦٨ | شەهید بوونی تێکۆشەرو چالاکوانی سیاسی سمائل شەریف زادە و هەڤالانی بەدەست رێژیمی پەهلەوی ئێران. |
| ١٣ | ٣ی ماى ١٩٤٣ | بلاو کردنەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری رۆژا نوێ لە شاری بەیروت لەلایەن کامەران بەدرخان. |
| ١٤ | ٣ی ماى ١٩٨٢ | خۆپێشاندانی بەرچاوی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین لە شاری هەولێر. |
| ١٥ | ٣ی ماى ١٩٨٨ | دەستی پێکردنی هەڵمەتی بەناو ئەنفالی (٣) بۆ ناوچەکانی (چەمچەماڵ، دوکان، کۆیە،تەق تەق، پردێ. |
| ١٦ | ٣ی ماى ١٩٩٩ | کۆچی دوایی دوکتۆر عوسمان مەحەمەد مستەفا سەرۆکی بەشی (فیزیک) لە کۆلێژی زانستی زانکۆی سەلاحەددین. |
| ١٧ | ٣ی ماى ٢٠٠٨ | دامەزرانی پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP )لە باکووری کوردستان. |
| ١٨ | ٤ی ماى ١٩٦٤ | بلاوبوونەوەی دەستووری کاتی عێراق کە هیچ مافێکی بۆ گەلی کورد تێدا نەبوو. |
| ١٩ | ٤ی ماى ٢٠٠٠ | پێک هاتنی کۆنگرەی یەکەمی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە شاری هەولێر. |
| ٢٠ | ٤ی ماى ٢٠٠٥ | شەهید بوونی(٥٠)هاوڵاتی و بریندار بوونی نزیکەی(١٠)ی تر.لەتەقینەوە تیرۆرستییەکەی بەردەم هێزی ناوخۆ لەنزیک میوانخانەی زەیتون لەشاری هەولێر. |
| ٢١ | ٤ی ماى ٢٠٠٨ | کۆچی دوایی هونەرمەندی مۆسیقا و گۆرانی ئیرەج عەندەلیبی لە شاری هەمەدان. |
| ٢٢ | ٤ی ماى ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی مەحموود مەلا عێزەت نووسەری بە توانای کورد لە شاری ئۆپسالای سوئید. |
| ٢٣ | ٥ی ماى ١١٩٣ | کۆچی دوایی سەلاحەدین ئەیوبی کەسایەتی مێژووی ئیسلامی کورد .بەنەخۆشی لە شام بەخاک سپێردراوە. |
| ٢٤ | ٥ی ماى ١٩٥٠ | کوشتنی عبدالباقی ساحێبقران دادوەری پۆلیسی هەڵەبجە لەنزیک شاری پێنجوین بە دەست خولە پیزە. |
| ٢٥ | ٥ی ماى ١٩٨٧ | روودانی لافاوێکی گەورەی شاری سلێمانی گرتەوە و ژمارەیەک لە هاوڵاتیان گیانیان لە دەستدا |
| ٢٦ | ٥ی ماى ٢٠٠٥ | بۆ یەکەم جار کتێبی کوردی لە پێشانگای نێودەوڵەتی لە شاری تاران پێشان درا. |
| ٢٧ | ٥ی ماى ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی ئیبراهیم خەیات هونەرمەندی گۆرانی و سرودی نیشتمانی لە شاری سلێمانی. |
| ٢٨ | ٥ی ماى ١٩٦٨ | تیرۆری توفیق روشدی چالاکوانی سیاسی چەپ دوکتورای بواری(سپینۆزا)و یاریدەدەری سەرۆکی زانکوی سلێمانی لەلایەن ریژیمی بەعسی عێراق. |
| ٢٩ | ٦ی ماى ١٩٣٢ | کۆچی دوایی حوسێن نازم نووسەرو رۆژنامە نووس لە شاری سلێمانی . |
| ٣٠ | ٦ی ماى ١٩٦٧ | چاپ و بلاوکردنەوەی رۆژنامەی برایەتی. |
| ٣١ | ٦ی ماى ١٩٨٩ | فرانسۆ میتەران بەهۆی شیمیا باران کردنی شاری هەڵەبجە دەسەڵاتدارنی عێراقی سەرکۆنە کرد |
| ٣٢ | ٦ی ماى ٢٠١٠ | رفاندن و تیرۆر کردنی سەردەشت عوسمان رۆژنامە نووس لە باشووری کوردستان. |
| ٣٣ | ٧ی ماى ١٩٦٥ | کۆچی دوایی مامۆستا قانع شاعیری نێشتمانپەروەرو هەڵکەوتووی کورد.لە ناوچەی شلێر |
| ٣٤ | ٧ی ماى ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی جەعفەر زەمانی چالاکوانی سیاسی و ئەندامی رێبەری حێزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری رانیە. |
| ٣٥ | ٧ی ماى ١٩٢٥ | شێخ سەعیدی پیران لە باکووری کوردستان شۆرشی بەرپا کرد. |
| ٣٦ | ٧ی ماى ١٩٩٠ | راگەیاندراوی تەقە وەستانی یەک لایەنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە گەڵ کۆمەڵە بۆ برانەوەی شەری نێوخۆیی لەرۆژهەلاتی کوردستان. |
| ٣٧ | ٧ی ماى ١٩٨٧ | کۆچی دوایی مەحەمەد مەولود مەم چیرۆک نووسی بە توانای کورد. |
| ٣٨ | ٧ی ماى ١٩٨٨ | ئەنفال کردنی بەناو چوارەمی رێژیمی بەعس لە هەولێرو کۆیەو کەرکوک. |
| ٣٩ | ٧ی ماى ١٩٨٠ | بۆمباران کردنی بەندیخانەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە گوندی دۆڵەتووی ناوچەی سەردەشت لە لایەن رێژیمی بەعسی سەددام حوسێن. |
| ٤٠ | ٨ی ماى ١٩٩٥ | کۆچی دوایی تەحسین تەها هونەرمەندی گۆرانیبێژ و دامەزرێنەری تیپی هونەری هەولێر لە هولەند. لە شاری ئامێدی بەخاک سپێردرا. |

| | | |
|---|---|---|
| ٤١ | ٨ی مای ٢٠١٠ | دامەزرانی ئەنجومەنی ئەدەبی هەژار لە شاری سەقز لە رۆژهەلاتی کوردستان. |
| ٤٢ | ٨ی مای ٢٠٠٩ | کۆچی دوایی سەلاح داوده هونەرمەندی گۆرانیبێژی ناوداری کەرکوکی، لە کۆنسێرتێکی گۆرانی لە جیژنی نەوزرۆزی لە شاری کەرکوک. |
| ٤٣ | ٨ی مای ١٩٩٣ | بەرێوەچوونی یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی ئافرەتانی باکووری کوردستان. |
| ٤٤ | ٨ی مای ٢٠٠٣ | پێکهاتنی دادگایەکی تایبەت لە شاری بەغدا بۆ تاوانانی رژێمی بەعس. |
| ٤٥ | ٩ی مای ٢٠١٠ | لەسێدارەدانی ٥ تێکۆشەری سیاسی مەدەنی کورد لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رۆژهەلاتی کوردستان. |
| ٤٦ | ٩ی مای ١٨٣٨ | رووداني شەری نێوان کورد و تورک لە دەرەوەی قەلای سەید بەگ سوتاندنی قەلاکە لەلایەن تورکەکان. |
| ٤٧ | ٩ی مای ١٩٩١ | کۆچی دوایی رەحیمی قازی نووسەرو تێکۆشەر وچالاکوانی سیاسی کورد لە باکۆ پێتەختی ئازەربایجان. |
| ٤٨ | ٩ی مای ١٩٩٦ | کشانەوەی هێزەکانی سوپای تورکیە لە خاکی هەرێمی کوردستان،کە بۆ راونانی هێزەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان هاتبوون. |
| ٤٩ | ٩ی مای ٢٠٠٣ | پێنجەمین دانشتی کۆری زانستی زمانی کوردی لەلایەن ئەنیستیتیۆی کوردستان. |
| ٥٠ | ٩ی مای ٢٠٠٥ | دۆزینەوەی گۆرێکی بەکۆمەڵ لەبەردەم بارەگای بزووتنەوەی کۆن لە شاری هەولێر . |
| ٥١ | ١٠ی مای ١٩٤٦ | بلاو کردنەوەی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی هاواری کوردستان لە شاری مەهاباد. |
| ٥٢ | ١٠ی مای ١٩٧١ | دەرچوونی گۆڤاری (دەنگی جووتیاران) لە شاری بەغدا. |
| ٥٣ | ١٠ی مای ٢٠٠٥ | دامەزراندنی لێژنەیکی ٥٥ کەسی کە (١٥)یان کورد بوون بۆ دانانی دەستووری هەمیشەی عێراق لە شاری بەغدا |
| ٥٤ | ١١ی مای ١٩٢٦ | بلاو کردنەوەی ژمارە (١٦)دوا ژمارەی هەفتەنامەی دیاری کوردستان . |
| ٥٥ | ١١ی مای ١٩٥٤ | مۆرکردنی بروانامەی بەرەی نیشتمانی یەکگرتوو لە عێراق دا،لەلایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان ، حیزبی شوعی عێراق و پارتی ئیستیقلال) . |
| ٥٦ | ١١ی مای ٢٠٠٣ | پەرلەمانی کوردستان بریاری دا هێزەکانی تورکیە کە ناسرابوون بە (PMF) لە کوردستان بچنە دەرەوە. |
| ٥٧ | ١٢ی مای ١٩٧٤ | لەسیدارە دانی چالاکوانی سیاسی و روشنبیری کورد لەیلا قاسم و هاورێیانی بەدەست ریژیمی بەعسی عێراق. |
| ٥٨ | ١٢ی مای ١٩٨٤ | شەهید بوونی عەبدوللا بەهرامی شۆرشگیر سیاسی روژهەلاتی کوردستان بەدەست هیزە سەرکوت کەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئیران.لەناوچەی پاوە. |
| ٥٩ | ١٢ی مای ١٩٤٦ | بلاوبوونەوەی گۆڤاری هاواری کوردستان. |
| ٦٠ | ١٢ی مای ١٩٧٩ | کۆچی دوایی حەیدەر عەبدولرەحمان - حەیدەرە کەچەڵ هونەرمەندی کۆرانیبێژی مەقام و گۆرانی دیوەخانی ئەو سەردەمەی شاری هەولێر. |
| ٦١ | ١٢ی مای ١٩٧٢ | کۆچی دوایی شێخ لەتیف شێخ مەحمودی حەفیدە. دامەزرێنەری رێکخراوی کۆمەڵەی برایەتی لە شاری سلێمانی لە تەنیشت شێخ مەحمودی باوکی نێژراوە. |
| ٦٢ | ١٣ی مای ٢٠١٠ | بەرێوەچوونی مانگرتنی گشتیی کۆمەلانی خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ مەحکووم کردنی ئیعدامی ٥ بەندکراوی سیاسی مەدەنی کورد. |
| ٦٣ | ١٥ی مای ١٩٤٦ | رووداني شەری گەورەی مل قەرەنی لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئیرتەشی شاهەنشای ئێران . |
| ٦٤ | ١٥ی مای ١٩٥٤ | بلاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەتاو لەلایەن گیوی موکریانی لەشاری هەولێر. |
| ٦٥ | ١٥ی مای ١٩٦٨ | شەهید بوونی تیکۆشەرو چالاکوانی سیاسی سولەیمان موعینی (فایق) بە دەست سەرکردایەتی شۆرشی کوردستانی عێراق لە دیلمان. |
| ٦٦ | ١٥ی مای ١٩٦٢ | دامەزراندنی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان . |
| ٦٧ | ١٥ی مای ١٩٣٢ | چاپ و بلاو کردنەوەی رۆژنامەی هاوار بە سەرپەرستی جەلادەت عەلی بەدرخان هەتا ١٥ی ئووتی ١٩٤٣سەرجەم ٥٧ ژمارەی لێ دەرچوواند. لە ولاتی شام. |
| ٦٨ | ١٥ی مای ٢٠٠٣ | دامەزرانی رێکخراوی ژنان رێکخراوەیەکی کۆمەڵگای مەددنی سەربەخۆ لە باشووری کوردستان. |
| ٦٩ | ١٨ی مای ١٨٨٣ | کۆچی دوایی کەیفی جوانرۆیی شاعیری بە توانا و لێهاتووی کورد. |
| ٧٠ | ١٨ی مای ١٩٧٧ | حکوومەتی دیکتاتوری سووریە بریاریدا ناوی شاروشارۆچکە کوردی یەکان لەکوردییەوە بۆ عەرەبی بگۆرێت |
| ٧١ | ١٨ی مای ١٩٩٤ | بۆردومان کردنی ناوچەی زەلێ لەلایەن (١٩) فرۆکەی هێزی ئاسمانی تورکیە. |
| ٧٢ | ١٨ی مای ١٩٨١ | کۆچی دوایی مشکۆ هەولێری(شەوکەت سەعید) هونەرمەندی قۆریات و بەستەی رەسەن و مەقامی کوردی لە شاری هەولێر. |
| ٧٣ | ١٨ی مای ٢٠٠٠ | کۆچی دوایی حەیدەر مەتینی شاعیری بە توانا و لێهاتووی شیعری نیشمانپەروەی، نەتەویی و سروشتی کورد. |
| ٧٤ | ١٩ی مای ١٩٩٢ | یەکەم هەڵبژاردنی گشتی بۆ هەڵبژاردنی پارڵەمانی کوردستان لە باشووری کوردستان. |
| ٧٥ | ١٩ی مای ١٦٣٩ | دابەشکردنی کوردستان بۆ یەکەمین جار لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی. |
| ٧٦ | ٢٠ی مای ١٩٩٧ | هەڵگیرسانی شەری براکوژی لەنێوان پارتی دێموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستان. |
| ٧٧ | ٢١ی مای ١٩٩٢ | تیرۆری شاپوور فیرۆزی چالاکی سیاسی رۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری رانیە. |
| ٧٩ | ٢١ی مای ١٩٣٣ | ماڵئاوایی مەلا هەوایی شاعیرو نووسەری هەڵکەوتووی کورد. |
| ٨٠ | ٢١ی مای ١٨٨٩ | ساڵرۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەی ئیتیحادو تەرەقی لەدژی دەوڵەتی عوسمانی . |
| ٨١ | ٢١ی مای ٢٠٠٨ | دامەزرانی ریبوارانی کۆماری کوردستان لە رۆژهەلاتی کوردستان. |
| ٨٢ | ٢١ی مای ٢٠٠٤ | ماڵئاوایی سەعیدی همایوون تێکۆشەر سیاسی،ئاجودان،و ئەندامی دەفتەری پێشەواقازی محەممەد لە کۆماری کوردستان. |




گۆڤاری یەکبوون گۆڤارێکی مانگانەی ئینترنیتی ،گشتیی و سەبەخۆیە و بۆ خزمەت بە بواری ڕاگەیاندن بڵاو دەکریتەوە، بۆ دەوڵەمەند کردنی پێویستی بە هاوکاری ئێوەی ئازیز هەیە.

ئامادە و پێشکەش کردنی ڕەحمان نەقشی